IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

# بەربەستەکانی بەردەم تێکڵاوبوونەوەی گەڕاوان لە عێراق دا: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان



دەربارەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM)

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) پابەندە بە بنەمای کۆچکردنێکی مرۆڤانە و ڕێکخراو کە سوودی بۆ کۆچبەران و کۆمەڵگە هەیە. وەک ڕێکخراوێکی حکومی نێودەڵەتی، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەگەڵ هاوبەشانی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کار بۆ: یارمەتیدانی چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکانی کۆچکردن، باشتر تێگەیشتنی گیروگرفتەکانی کۆچبەری، هاندانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەڕێگەی کۆچبەریەوە و پاراستنی شکۆی مرۆڤ و خۆشگوزەرانی کۆچبەران دەکات.

زانیارییەکانی نێو ئەم ڕاپۆرتە تەنیا بۆ مەبەستی زانیاری گشتییە. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن.

ئەو دید و بۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە تەنیا بۆ خودی نووسەرەکان دەگەڕێتەوە و لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نین. زانیارییەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە، تەنها مەبەست لێی زانیاری گشتین. ئەو ناو و سنوورانەی کە لە ناو پەڕاوی تۆماری بەدواداچوون ئاوارەکان دایە بە واتای پەسندکردن یان ڕەزامەندبوون لە لایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ نایەن. تا بۆی بکرێت ڕێکخراوی (IOM) هەوڵدەدات کە زانیارییەکان ڕاست و دروست بن، بەڵام هیچ بانگەشەیەکیش نە بە دەربڕین نە بە واگەیاندن ناکات کە ئەو زانیاریانەی لەم ڕاپۆرتەدا بەردەستن تەواو و دروست و گونجاون.

©ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق

هەموو مافێک پارێزراوە. نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.

پێرست


پێشەکی ٥

سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بەربەستە سەرەکییەکانی تێکەڵاوبوونەوە ٥

ئامانجەکانی ڕاپۆرت ٥

پێکهاتەی ڕاپۆرت ٦

ڕێبازی ڕاپۆرت ٦

ڕێبازی توێژینەوە: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پێوەرەکانی دەرئەنجام و دەر هاویشتەکانی تێکەڵاوبوونەوە ٦

هەڵبژاردنی دیارخەر ٦

لیستی دیاریخەر: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ٧

سنوور و مەوداکان ٨

خستنەڕووی گشتی ڕەوشەکە ٨

ڕێژەکانی گەڕانەوە ٩

خواست و ویستی جموجۆڵ و جوڵەی گەڕاوەکان ١٠

شیکاری: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە ١١

١,١ مەترسی توندوتیژی ١١

١.٢ پاراستنی گیان ١٩

١.٣ ئازادی هاتووچۆ و جموجۆڵ کردن ٢١

کۆتایی ٢٥

پوختەی ئەنجامەکان ٢٥

ڕاسپاردەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ٢٦

پاشکۆی ١. خشتەی پوختە: پێوەری چوارچێوەی کاری تێکەڵاوبوونەوەی (EGRIS)- گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەکان، ١- سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بەرانبەری ئەیلولی ٢٠١٩ ٢٧

# پێشەکی

لەماوەی شەڕ و ململانێیەکان دا لەگەڵ داعش دا لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤-٢٠١٧، بەکۆی گشتی ١,٠٢٧,٥٢٣ خێزانی عێراقی ئاوارە بوون، کە دەکاتە لە سەدا ١٦ ی کۆی دانیشتووانی وڵات[١،٢]. تا کانوونی یەکەمی ٢٠٢١، بەکۆی گشتی ٢٠٤,٣٤٤ خێزان هەر لە ئاوارەیی ماونەتەوە، لەبەرانبەردا ٨٢٣,١٧٩ خێزان-یش بۆ زێدی خۆیان گەڕاونەتەوە، کە دەکاتە لە سەدای ٨٠ی کۆی هەموو خێزانە ئاوارەبووەکان[٣،٤]. ئەو خێزانانەی کە گەڕاونەتەوە ڕووبەڕووی بەربەست و ئاڵنگاری گەورە بوونەتەوە لە تێکەڵاوبوونەوە، بەتایبەتی بەهۆی هەبوونی کێشە و گرفتەکانی پەیوەست بە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.

## سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو بەربەستە سەرەکییەکانی بەردەم گەڕانەوە

لە شوباتی ٢٠٢١ دا، ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لە عێراق، گروپی کاری گەڕانەوە و ڕاپرسی و ڕاوەرگرتنی کۆمەڵایەتی ڕاپۆرتێکیان ئامادەکرد دەربارەی جارێکی دیکە گەڕانەوە سەر ماڵ و حاڵ و بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە لە عێراق دا. کە تیایدا شیکاری بۆ بەردەوامی و جێگیریەتی تێکەڵاوبوونەوە بۆ ئەو خێزانانە کراوە بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە کە بەهۆی شەڕ و ململانێیەکان لەگەڵ داعش دا ئاوارەببوون کردووە[٥]. ئەمەش هاوکات و هاوتەریبە لەگەڵ چوارچێوەی کاری چارەسەرە هەمیشەییەکان کە لەلایەن گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS)ەوە ئامادەکراوە. هەروەها ڕاپۆرتەکە شیکاریکردووە بۆ ڕاددەی جێبەجێبوونی تێکەڵاوبوونەوەی جێگیرو بەردەوام لە سەرانسەری پێنج شوێن دا[٦]. کێشە و گرفتە بەردەوامەکانی پەیوەست بە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە بەربڵاوترین و گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم گەیشتن بە تێکەڵاوبوونەوەی جێگیر بوون لە عێراق دا.

## ئامانجەکانی ڕاپۆرتەکە

ئامانجی ئەم ڕاپۆرتە ئاگادارکردنەوەی پلان و گەشەپێدانی ستراتیژییە تا پاڵپشتی تێکەڵاوبوونەوەیەکی جێگیر و بەردەوامی گەڕاوەکان بۆ ناوچەکانی زێدیان بکات. هەروەها وێنەیەکی بەربەست و ئاڵنگارییە سەرەکییەکانی بەردەم گەڕاوەکان دەخاتەڕوو، ئەو ئاڵنگاریانەی کە پەیوەستن لە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها تیشکیش دەخاتە سەر ئەو شوێنانەی کە تیایاندا ئەو ئاڵنگاریانە زۆر زەق و بەربڵاون. لە هەرشوێنێکیش کە داتایەکی زۆر و دووروودرێژ هەبێت، ڕاپۆرتەکە بە جۆرێک دەیخاتەڕوو کە بە تێپەڕبوونی کات دۆخەکە چۆن گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا ئەیلولی ٢٠٢١.

ڕاپۆرتەکە شیکاری بۆ سێ کێشە دەکات و لەسێ پێوەرە و تەوەری چوارچێوەی کاری گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS)ەوە ڕێکیخستووە و بەم شێوەیە دایڕشتووە:

١. مەترسی توندوتیژی
٢. پاراستنی گیان
٣. ئازادی لە جوڵە و هاتوو وچۆ

## پێکهاتەی ڕاپۆرت

لەژێر هەریەکێک لەم پێوەر و تەوەرانەدا، چەند دیارخەرێکی جۆری خراوەتەڕوو بۆ تێگەیشتن لە ڕاددەی خراپی و دژواری هەریەکێک لەو کێشانە، لەوانەش بەربەست و ئاڵنگارییەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوان. شیکارییەکە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی ڕەوشی شوێنەکانی گەڕانەوەکان کە لە پارێزگایە و قازایەک بۆ یەکێکی دیکە جیاوازە. هەروەها بەراوردکاریشی تێدایە دەربارەی ئەنجامەکان لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و ئەیلولی ٢٠٢١ دا. داتایەکان لەڕێگەی هێڵکاری و نەخشەوەش خراونەتەڕوو کە تیایاندا ئەنجامە سەرەکییەکان و گۆڕانگاری نێو ئەو داتایانە لە تەواوی پارێزگاکان و قەزاکانی گەڕانەوە خراوەتەڕوو.

**ڕاپۆرتەکە لەم بەشانە پێکهاتووە:**

- یەکەم، خستنەڕوویەکی گشتی لەسەر ڕێباز و میتۆدی بەکارهاتوو لەم ڕاپۆرتەدا. پوختەی خودی ڕێبازی بەکارهاتوو لەم توێژینەوەیەدا، لیستی دەرخەرەکان کە لە تەوەری شیکارکردن بەکارهاتوون، هەروەها خستنەڕوویەکی گشتی سنوور مەوداکانی ڕاپۆرتەکە.
- دووەم، خستنەڕوویەکی کورت و پوختی دۆخی ئێستای گەڕاوەکان لەسەرانسەری وڵات دا. بە پوختەیەک لەسەر ژمارەی گەڕاوەکان لە پارێزگاکان و قەزایەکانیشەوە، بە

١ لەوەتەی نیسانی ٢٠١٥ەوە، خێزانە ئاوارەکان دەستیان بە گەڕانەوە بۆ ناوەچەکانی زێدیان کردووە، زۆربەی گەڕانەوەکانیش لەدوای شکستپێکهێنانی لەلایەن حکومەتی عێراق بووە لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٧دا.

٢ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) لیستی سەرەکی داتابەیسی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون: گەڕی ١٢٣، بڕوانە : https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

٣ سەرەوە

٤ ئەمە بە گشتی بە ڕێژەی گەڕانەوەی نیشتیمانی دادەنرێت.

٥ جارێکی دیکە ماڵەوە؟ ڕاپۆرتەکە گەیشتنە ئەو دەرئەنجامەی کە تێکڵاوبوونەوەی جێگیر و بەردەوام بەوە پێوانە دەکرێت کە گەڕاوەکان تاچەند بەرەوپێشچوون و، ئەو شتانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دابینکراون و زاڵبوون بەسەر بەربەستەکان دوای ئەوەی کە بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕانەوە.

٦ پێنج لایەن و تەوەری دیکەش تیشکی خرایە سەر لە بابەتی جارێکی دیکە ماڵەوە؟ ڕاپۆرتەکە ئەمانەشی لەخۆگرتووە: ١. سەلامەتی و ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ٢. بڕی پێویستی ستانداردەکانی ژیان کردن، ٣. دەستگەیشتن بە کار و کاسبی،٤.گێڕانەوەی موڵک و ٥. دەستگەیشتن بە دۆکیومێنت و بەڵگەنامە.

گرتنەخۆی ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە ژمارەکان ڕوویداوە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا ئەیلولی ٢٠٢١.

- سێیەم: ڕاپۆرتەکە شیکاریەکی گشتگیر دەخاتەڕوو لەسەر کێشە و گرفتەکانی پەیوەست بە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی زۆر پەیوەست بە تێکەڵاوبوونەوەی کۆمەڵایەتین. شیکاریەکە لە سێ تەوەرو پێوەردا کۆکراوەتەوە (مەترسی توندوتیژی، پاراستنی گیان و ئازادی جوڵە و هاتووچۆ).
- چوارەم: لەکۆتاییدا، ڕاپۆرتەکە پوختەیەک لەسەر دەرئەنجامە سەرەکییەکان دەخاتە بەردەست.

# ڕێباز و میتۆدی ڕاپۆرت

### ڕێبازی توێژینەوە: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەکو پێوانەی دەرئەنجام دەرهاویشتەکانی تێکەڵاوبوونەوە

چوارچێوەی کاری لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان (IASC) بۆ کاروباری ئاوارە ناوخۆییەکان تیشک دەخاتە سەر سێ ڕێگەی جیاواز کە بەهۆیانەوە کۆمەڵگەی ئاوارەکان دەتوانن بگەنە چارەسەرە هەمیشەییەکان[٧]. ئەمەش تێکەڵاوبوونەوە و یەکخستنەوە لە ناوچەکانی ئاوارەکان دەگرێتەوە، هەروەها ئەو شوێنانەش کە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێن جگە لە ناوچەکانی زێدیان، یان دووبارە تێکەڵاوکردنەوەی ئاوارەکان لە شوێنی زێدیان.

لەجێبەجێکردنی هەر یەکێک لە چارەسەرە هەمیشەییەکان، گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) دەتوانن هاوکاری چاودێریکردنی ڕاددەی جێگیربوونی ئەو چارەسەرە هەمیشە بن[٨]. لە سەدا ٨١ ی ئەو خێزانانەی کە ئاوارەبوون ئێستا بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە، دەستنیشانکردنی بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوەی جێگیر شتێکی سەرەکییە لە ئامادەکردنی ستراتیژیەت و لەپێشینەدان بەکاروچالاکییەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوە.

ئەم ڕاپۆرتە وێنەیەکی دۆخی ئێستای پەیوەست بە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نیشاندەدات، ئەمەش وەکو بەشێک لەو ئامانجە بەرفراوانەی وەڵامدانەوەی مرۆیی لە عێراق دا بۆ پاڵپشتیکردنی خانەوادەکان تا ئەگەر بیانەوێت، لە ناوچەکانی زێدیان تێکەڵاوببنەوە. ئەمەش لەڕێگەی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک داتای لاوەکی لە شوێنی گەڕانەوە ئەنجامدەدرێت وەکو بەشێک لە کاروچالاکییەکانی کۆکردنەوەی داتا لەلایەن تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوونDTMی سەر بەڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچIOM لە عێراق، بە دیاریکراویش لەڕێگەی پێرستی گەڕانەوە دوومانگ جارێک ئەنجامدەدرێت و هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو کە ساڵانە ئەنجامدەدرێت.

### دیاریکردنی دەرخەر

لەبەشە شیکارییەکەی ئەم ڕاپۆرتە دا، لە چوارچێوەی هەریەکێک لە پێوەرەکانی گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) دا، ژمارەیەک دەرخەری جۆریەتی پەسندکراوە خراوەتەڕوو. چوارچێوەی کاری ئەم گروپە پەیوەستە بە قەیرانەکانی دۆخی ژینگەی ئاوارەبوون لە عێراق دا. هەموو دەرخەرەکانی شیکاریەکەش لە داتابەیسی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون. زۆربەی دەرخەرەکانیش هی گەڕی ١٣ پێرستی گەڕانەوەن (ئاب-ئەیلولی ٢٠٢١)، بەراوردکراواو بە گەڕی ١٠ (ئەیلولی-تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠)[٩]. دەرخەرەکانی دیکە لە گەڕی ٦ هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون (ئایار-تەمموزی ٢٠٢١)[١٠]. هەموو شێوەکانی پەیوەست بە دانیشتووان لە گەڕی ١٢٣ی لیستی سەرەکی وەرگیراون (ئاب-ئەیلولی ٢٠٢١)[١١]، لەوکاتەی داتای خواست و ویستی گەڕاوەکان لە دامەزراوەی (REACH) وەرگیراوە لەژێر ناوی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپە جیاوازەکان-گەڕی ٨ (تەمموزی ٢٠٢١)[١٢]. سارچاوەی هەموو زانیارییەکانی دیکەی ناو ئەم ڕاپۆرتە باسکراوە. هەموو دەرخەرەکانی شیکارییەکەی پێوەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) لەم خشتەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو.

٧ لیژنەی هاوبەشی نێوان ئاژانسەکان و دامەزراوەیبروکینگز-The Brookings Institution (٢٠١٠). چوارچێوەی کاری چارەسەرە هەمیشەییەکان-ی ئاوارە ناوخۆییەکان، بڕوانە: https://interagencystandingcommittee.org/other/iasc-framework-durable-solutions-internally-displaced-persons

٨ گروپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) (٢٠٢٠). ڕاسپاردە نێودەوڵەتییەکانی سەبارەت بە ئامارەکانی ئاوارە ناوخۆییەکان. بڕوانە: https://unstats.un.org/unsd/statcom/51stsession/documents/BG-item-3n-international-recommendations-on-IDP-statistics-E.pdf

٩ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (٢٠٢٠-٢٠٢١). داتاکانی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون: گەڕەکانی ١٠ و ١٣: بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

١٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کۆچIOM (٢٠٢١). داتاکانی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو: گەڕی ٦. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ILA6#Datasets

١١ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ کۆچIOM (٢٠٢١). داتاکانی لیستی سەرەکی: گەڕی ١٢٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

١٢ کارەکانی دامەزراوەی (REACH) (٢٠٢١). بۆردی سەرەکی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپە جیاوازەکان: گەڕی ٨. بڕوانە: https://reach-info.org/irq/mcna2021/

## لیستی دەرخەرەکان: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

| پێوەری سەرەکی | پێوەری لاوەکی | دیارخەر | سەرچاوەی داتا |
| --- | --- | --- | --- |
| ١.١ مەترسی توندوتیژی | ١.١.١ هێرشی داعش | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسی هێرشی داعش هەیە | گەڕەکانی ١٠ و ١٣ ی پێرستی گەڕانەوە |
| | ٢.١.١ توندوتیژییەکانی پەیوەست بە هەبوونی گرووپی چەکداری و هێزی ئەمنی | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسی توندوتیژی هەیە لەلایەن یان لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گرووپە چەکدارەکان. | |
| | ٣.١.١ کێشە و گرفت و مەترسی هێرشی پەیوەست بە تۆڵە سەندنەوە | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسی کردەی تۆڵەلێکردنەوە هەیە. | |
| | ٤.١.١ کێشە و گرفت و مەترسی پەیوەست بە گرژی عەشایەری و کەمەنەتەوە ئاینییەکان | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسی و گرژی عەشایەری و کەمەنەتەوە ئاینییەکان هەیە. | |
| | ٥.١.١ کەرستە و تەقەمەنی نەتەقیوو | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە مەترسی تەقەمەنی نەتەقیوویان هەیە. | |
| | ٦.١.١ ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە پێویستیان بەئەنجامدانی کاروچالاکییەکانی بەرقەرارکردنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتییە بەڵام ئەنجامنەدراوان. | |
| ٢.١ پاراستنی گیان | ١.٢.١ هەبوونی هێزە ئەمنییە جیاوازەکان | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە هێزی ئەمنی سەر بەلایەنی جیاوازیان لێیە. | گەڕەکانی ١٠ و ١٣ ی پێرستی گەڕانەوە |
| ٣.١ ئازادی جوڵە و هاتوو و چۆ | ١.٣.١ سنووردارکردنی جوڵە و هاتوو چۆ | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە جوڵە و هاتوو چۆ تیایدا سنووردارە. | گەڕەکانی ١٠ و ١٣ ی پێرستی گەڕانەوە |
| | ٢.٣.١ مۆڵەت پێدان بە جوڵە و هاتوو چۆ | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە جوڵە و هاتوو چۆ پێویستی بە مۆڵەت پێدانە و یاسای جۆرجۆرای لێ جێبەجێدەکرێت. | گەڕی ٦ ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو |
| | ٣.٣.١ گەڕانەوەی بەزۆر | ڕێژەی سەدی خانەوادە گەڕاوەکان بۆ ئەو شوێنانەی کە تیایاندا هەندێک خانەوادە بەزۆر ناچار بەگەڕانەوە کراون. | |

## سنوور و مەوداکان

**دوو سنووری سەرەکی لەم ڕاپۆرتەدا هەیە کە ئەمانەن:**


١- داتای لاوەکی: ئەو زانیاریانەی کە لەبەشی شیکاری دا خراونەتەڕوو لە سەرچاوەی لاوەکی وەرگیراون کە، خودی ئەو داتایانە بۆ مەبەستی هەڵسەنگاندنی دیکە کۆکرابوونەوە و ئامانجێکی دیکەی خۆیان هەبوو، بەپێی پێویست پەیوەست نین بە تێکەڵاوکردنەوەی گەڕاوان. هەردوو سەرچاوەی داتای ئەم ڕاپۆرتە، هەم گەڕەکانی ١٠ و ١٣ی پێرستی گەڕانەوە و گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو ئامانجی روونی خۆیان ئەوەبوو کە لەو بەربەست و ئاڵنگاریانە بگەن ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبنەوە لەسەرانسەری وڵاتدا. ئەگەرچی پرسیارەکانی ناو ئامرازەکانی هەڵسەنگاندنەکە بەدیاریکراوی پرسیاری لەبەشداربووان نەدەکرد کە دەربارەی ئەوەی کە چۆن کێشە و گرفتە دیاریکراوەکان دبنە هۆی دروستبوونی بەربەست و ئاڵنگاری کە لەوانەیە گەڕاوەکان لە کاتی تێکەڵاوبوونەوەیان بە کۆمەڵگە ڕووبەڕووی بنەوە. بەڵکو لەبری ئەمە، پرسیاری زۆر گشتی دەربارەی جۆری ئەو کێشە و گرفتانە دەکرد کە ڕووبەڕووی گەڕاوەکان دەبنەوە. دیارخەرەکانیش لەسەر بنەمای پەیوەستیان بە پێوەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی پرۆسەی تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوەکان بۆ بەشی شیکاریەکە هەڵبژێردراون. هەربۆیە دەبێت لە لێکدانەوەی دەرئەنجامەکان ئەوەمان لەیاد بێت کە چۆن داتایەکان یەکخراون لە ژێر هەریەکێک لە پێوەرە لاوەکییەکان دا.

٢- داتا لەسەر ئاستی شوێن: هەموو ئەو داتایانەی کە لەم ڕاپۆرتەدا خراونەتەڕوو لەسەر ئاستی شوێن کۆکراونەتەوە. ئەمەش واتە کە تێبینی وەرگرەکانی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون لە چەند شوێنێکدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ زانیارییپێدەرە سەرەکییەکان کردووە دەربارەی ئەو دۆخە و ڕەوشەی کە ڕووبەڕووی گەڕاوان دەبێتەوە. شوێنەکانیش گوند بوو لە ناوچە لادێیەکان و گەڕەک بوون لە ناوچە شارییەکان دا (بە واتایەکی دیکە، چوارەمین دابەشبوونی کارگێڕیٚ). لەوکاتەی ئەم جۆرە میتۆد و ڕێبازە دەرفەت بە گرتنەخۆی مەودایەکی فراوان دەدات لە ماوەیەکی کورتدا، هەروەها بەگشتیش لە هەرشوێنێک پشت بەیەک نوێنەر دەبەستێت کە بە زۆری موختاری ئەو شوێنەیە یان ئەنجوومەنی کۆمەڵگە و گەڕەک یان گوندە. ئەم نوێنەرانە قسە لەسەر دیدی دانیشتووانە زۆر و گروپە گەورەکانی ئەو شوێنە دەکەن کە لەوانەیە ئەمەش ببێتەهۆی ئەوەی کە گروپە کەمینەکان بێ بەش بن کە ئەو گروپە کەمینە و بچووکانە تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، یان جیاکاری و جیاوازی بکرێت لە نوێنەرایەتیکردنی گروپە زۆر و گەورەکان لەگەڵ گروپە کەمینە و بچووکەکان لەبەر لایەنگیری ئەو نوێنەرە بۆ گروپە زۆر و گەورەکانی نێو دانیشتووان. هەروەها تایبەتمەندی سەرەکی خانەوادە، لەوانەش دەرخەرە کۆمەڵایەتی-دیمۆگرافییەکانی وەکو ژمارەی ئەندامانی خێزان و هۆکارەکانی کەمدەرامەتی (بەمانایەکی دیکە، ڕەگەزی سەرخێزان یان ژمارەی کەسانی کەمئەندامی خێزان)، لەم داتایانەدا هەژمار نەکراوە.

# خستنەڕووی گشتی ڕەوشەکە: گەڕانەوەکان و تێکەڵاوبوونەوە[١٣]

تا ئەیلولی ٢٠٢١، بە کۆی گشتی ٨٢٣,١٧٩ خانەوادە کە لەماوەی شەڕی داعش ئاوارەببوون گەڕاونەتەوە ناوچەکانی زێدیان. زۆرترین ژمارەی گەڕاوانیش لە پارێزگاکانی نەینەوا بە (٣٢٠,٤١٦)، پاشان ئەنبار بە (٢٥٦,٩١١) و ئینجا سەلاح الدین بە (١٢١,٩٧٠) کەس بوو. شێوەی ١ لەخوارەوە کۆی گشتی ژمارەی گەڕاوان نیشان دەدات کە بۆ ٨ پارێزگا گەڕاونەتەوە لەسەرانسەری وڵات دا.

شێوەی ١: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان بەپێی پارێزگا





١٣ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتاکانی گەڕی ١٢٣ی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون، کە خستنەڕووی گشتی تەواوی ژمارەی گەڕاوان لەسەرانسەری وڵات دەگرێتەوە، بە شوێنەکانیشیانەوە، بەو قەزا و ناحیانەشەوە کە بۆ گەڕاونەتەوە. ڕێکخراوی (IOM) (٢٠٢١)، داتای لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون: گەڕی ١٢٣. بڕوانە https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

لەسەر ئاستی قەزادا، بەرزترین ژمارەی خانەوادە گەڕاوەکان لە قەزای ناوەندی موسڵ-ی پارێزگای نەینەوا بوو بە (١٧٧,٥٠٢)، پاشان لە ڕوومادی بە (١٠٠,٢٢١) و ئینجا لە فەللوجەی پارێزگای ئەنبار بوو بە (٩٥,١٠٠) کەس.

دووەم بەرزترین ژمارەش لە قەزاکانی تەلەعفەری پارێزگای نەینەوا و تکریتی پارێزگای سەڵاح الدین بوو هەریەکەیان بە (٦٠,٠٦٦) و (٣١,٦٢٧) کەس. نەخشەی ١ لە خوارەوە دابەشبوونی خێزانە گەڕاوەکان لەسەرانسەری تەواوی قەزاکانی وڵات نیشان دەدات.

نەخشەی ١: ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان بەپێی قەزا





## ڕێژەکانی گەڕانەوە[١٤]

پێوەرێکی گرنگی بۆ شیکارکردنی دژواریەتی ڕەوشەکە لە شوێنەکانی گەڕانەوە بریتیە لە ڕێژەی گەڕانەوە کە مەبەست لێی ڕێژەی ئەو خانەوادانەیە کە بەهۆی شەڕی داعش ئاوارەبیوون و بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە. بەکۆی گشتی، لە سەدا ٨١ی هەموو ئەو خێزانانەی کە بەهۆی شەڕی داعش لەسەرانسەری وڵات ئاوارەببوون گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان.

ڕێژەکانی گەڕانەوە لەسەر ئاستی پارێزگا لە نزمترین کە بەغدایە بە (٦٧٪) بۆ بەرزترین کە دهۆکە بە (١٠٠٪)ی خێزانەکان بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان گەڕاونەتەوە. لەسەر ئاستی قەزاش دا، نزمترین ڕێژەی گەڕانەوە لە قەزای شنگال بە (٣٦٪) لە قەزای بەعاج بوو بە (٣٥٪)، دوای ئەوانیش لە قەزاکانی خورماتوو بە (٦١٪)، فارس بە (٦٤٪) و بەلەد بە (٧٠٪) بوو.

١٤ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتاکانی گەڕی ١٢٣ی لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون، کە خستنەڕووی گشتی تەواوی ژمارەی گەڕاوان لەسەرانسەری وڵات دەگرێتەوە، بە شوێنەکانیشیانەوە، بەپێی قەزا و ناحیانەشەوە کە بۆ گەڕاونەتەوە. ڕێکخراوی (IOM) (٢٠٢١)، داتای لیستی سەرەکی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون: گەڕی ١٢٣. بڕوانە https://iraqdtm.iom.int/MasterList#Datasets

شێوەی ٢: ڕێژەکانی گەڕانەوە بەپێی پارێزگای گەڕانەوە





## خواست و ویستی گەڕاوەکان

لەسەرانسەری وڵات دا، زۆربەی ئەو خێزانانەی کە بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە (٩٧٪)یان خواست و ویستی مانەوەیان لەم ناوچانەی خۆیان هەیە بۆ ماوەی ١٢ مانگی داهاتوو.[١٥] خێزانەکانی دیکە یان ئەوەتە بڕیاریان نەداوە کە جوڵە بکەن (٥٪) یان ویستی دووبارە نیشتەجێبوونیان لە ناوچەیەکی دیکەی عێراق هەیە (١٪). لە زۆربەی پارێزگاکاندا، بەلایەنی کەمەوە لە سەدا ٩٤ خێزانە گەڕاوەکان ویستی مانەوەیان لە شوێنی زێدیان هەیە بۆ ماوەی ١٢ مانگی داهاتوو.

دیالە تاکە پارێزگابوو کە لەمە بەدەربووو، لەبەرئەوەی لەم پارێزگایەدا لە سەدا ٧٨ی خێزانەکان ویستی گەڕانەوەیان هەبوو، لەبەرانبەردا لەسەدا ٢١ یان بڕیاریان نەدابوو و لەسەدا ١ یشیان پلانی ئەوەیان هەبوو لە شوێنێکی دیکەی عێراق نیشتەجێبن. لەسەر ئاستی قەزاشدا، ژمارەیەکی زۆر کەمی خێزانە گەڕاوەکان هی قەزای خاڵس بوون بە لە (٤٥٪) بوو باسی ئەوەیانکرد کە دەیانەوێت لە ناوچەی زێدی ئێستایان بمێننەوە. دووەم نزمترین ڕێژەش لە قەزاکانی شنگال و حەویجە بوون بە (٧٨٪) و (٨١٪) بۆ هەریەکەیان.

شێوەی ٣: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە دەیانەوێت لە شوێنی زێدی ئێستایان بمێننەوە بۆ ماوەی ١٢ مانگی داهاتوو، بەپێی پارێزگای گەڕانەوە




بەشی دوای ئەمە، باسی جۆرە جیاوازەکانی ئەو بەربەستانە دەکات کە گەڕاوەکان دوای گەیشتنەوە ناوچەکانی زێدیان ڕووبەڕوویان دەبنەوە.

١٥ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە کارەکانی دەزگای (REACH) وەرگیراوە کە لەژێرناونیشانی هەڵسەنگاندنی پێویستییەکانی گروپە جیاوازەکان ئەنجامیداوە-گەڕی ٩. ماوەی ئەو ١٢ مانگەی کە دەرخەری ویست ئاماژەی بۆ دەکات لە تەمووزی ٢٠٢٠ تا حوزەیرانی ٢٠٢١ە. دامەزراوەی (REACH) (٢٠٢١). خشتەکانی پوختەی گەڕی ٩ی (MCNA). بڕوانە: https:// data.humdata.org/dataset/reach-iraq-multi-cluster-needs-assessment-round-ix-2021

# شیکاری: سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وەک بەربەستەکانی بەردەم تێکەڵاوبوونەوە

## ١- مەترسی توندوتیژی

مەترسی توندوتیژی لە ناوچەکانی گەڕانەوە بەزۆری لەچەند ئاستێکدا خۆی دەبینێتەوە. ئەگەرچی شەڕی داعش کۆتاییهاتووە، توندوتیژی لە چەندان شوێن دا ماوە و کاریگەریکردووەتە سەر ئەوانەی کە ویستی گەڕانەوەیان هەیە. ڕووداوەکانی توندوتیژی زۆربەی کات لەلایەن داعش و گروپە چەکدارە ناحکومییەکانەوە ئەنجامەدەدرێن و تا ٢٠٢١ بەردەوامیان هەبووە. ئەمەش سەرەڕای گرژی و ئاڵۆزییە کەمەنەتەوەیی-ئاینی و عەشایرییەکان کە زۆربەی بۆ سەردەمی پێش شەری داعش دەگەرێنەوە. بەهۆی سروشتی دابەشبوونی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، ڕەوشەکە زیاتر ئاڵۆزبوو، گروپە چەکدارە نافەرمی و ناحکومییەکان دەسەلاتی ئابوری و سیاسی و جوگرافیان بەدەستە. پاشماوەکانی شەڕی داعش بەزۆری خۆی لە تەقەمەنییە نەتەقیووەکان دەبینێتەوە، هەروەها هەبوونی مەترسی و نائارامی ئەمنیە لە هەندێک ناوچەش دا. لە کۆتاییدا، دەکرێت گەڕانەوەی هاوڵاتیانی ئاوارەبوو بۆ ناوچەکانی زێدیان شتێکی مەترشیدار بێت و توندوتیژی و هەڕەشەی بۆ ئەوانە لێبکەوێتەوە کە دەیانەوێت بگەڕێنەوە ئەمەش لەبەرنەبوونی کاروچالاکییەکانی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و بنیاتنان و بەرقەرارکردنی ئاشتی.

مەترسی توندوتیژی کە بریتیە لە هەبوونی توندوتیژی و نەبوونی کارو چالاکییەکانی ئاشتەوایی، کە ئەمەش یەکێکە لە پێوەرەکان لەسەرانسەری هەر شەش دەرخەرەکەدا. ئەو دەرخەرانەش پەیوەستن بە ترسی هێرشکردنە لەلایەن داعشەوە و پەیوەستە بە توندوتیژی بەهۆی هەبوونی هێزی ئەمنی و گروپی چەکداری جۆراوجۆر، پەیوەستیشە بە بابەت و هێرشی تۆڵە سەندنەوە و گرژ و ئاڵۆزییە عەشایەری و کەمەنەتەوەیی-ئاینییەکانەوە، هەروەها پەیوەستە بە هەبوونی ماددە و تەقەمەنییە نەتەقیووەکان و پێویستی ئاشتەوایی کۆمەڵگە.


### ١.١.اهێرشەکانی داعش[١٦]

ئەگەرچی کە شەڕی داعش کۆتاییهاتووە، هەڕەشە و کردە توندتیژییەکان لەلایەن گروپەکانی سەر بە داعشەوە هەربەردەوامە لە چەندان ناوچە و شوێنی عێراق دا. تا ئەیلولی ٢٠٢١، (٣٩٢,٦٤٧) خانەوادەی گەڕاوە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشی هەیە کە دەکاتە لە (٤٨٪). لەو گەڕاوانەش زۆرترینیان لە شوێنەکانی پارێزگای نەینەوادان بە (١٧٩,٢٣٠) خێزان کە دەکاتە لە سەدا ٥١ی ئەو ئاوارانەی کە بۆ شوێنەکانی ئەو پارێزگایە گەڕاونەتەوە. هەروەها چەندان گەڕاوەش لەو شوێنانەی پارێزگای سەڵاح الدین دا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرکە (٩٣,٤٩٧) خێزانن و دەکاتە لە ٧٧٪ گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە و ئینجا گەڕاوەکانی پارێزگای ئەنبار کە (٨٣,٤٧٠) خێزانن و دەکاتە لە٣٢٪ گەڕاوانی ئەو پارێزگایە.هەروەها (٢٧,٥٤٧) خێزانیش لە پارێزگای دیالە دا لەو شوێنانە دا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەر کە دەکاتە لە ٦٩٪ی گەڕاوانی ئەو پارێزگایە. ئەو قەزایانەشی کە ژمارەیەکی زۆری گەڕاوەیان هەیە ڕووبەڕووی هەمان مەترسی دەبنەوە، وەکو قەزای ناوەندی موسڵ بە (٩٥,٩٣٦) و تەلەعفەر بە (٤٨,٧٩٣) لەپارێزگای نەینەوا، لەگەڵ قەزای هیت بە (٢٩,٩٧٢) لە پارێزگای ئەنباردا. نەخشەی ٢ لەخوارەوە وێنەی جیاوازی لە ڕێژەی ئەو گەڕاوانە نیشاندەدا کە لەو شوێنانە دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرە.

---


١٦ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەرەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەرەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەرەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەرەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

نەخشەی ٢: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لە شوێنانێک دا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرە، بەپێی قەزا




ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە هێرشی داعش هەیە و ئەو ژمارەیەش تارادەیەک زیادیکردووە لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ (٣٨٩,٥٢٧) بۆ ئەیلولی ٢٠٢١ (٣٩٢,٦٤٧). لەماوەی ئەم ١٢ مانگە دا، پارێزگای نەینەوا زۆرترین بەرزبوونەوەی لە ژمارەی ئەو خێزانانەوە بەخۆوە بینی بە (١٣,٠١٣) کە دەکاتە ٨٪. زۆرترین نزمبوونەوەش لە پارێزگای سەلاح الدین بوو بە (-٩,٧٦٣) کە دەکاتە (-٩٪). شیاوی باسە، ژمارەی ئەو خێزانە لە پارێزگای هەولێریش زیادیکرد لە (٩٥٠) لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ (٦,١٨٤) خێزان لە ئەیلولی ٢٠٢١ دا، کە تیایدا (٥,٥٩٤) خێزان زیادبووە و دەکاتە ٩٤٨٪ و هەرهەمووشیان دانیشتووی قەزای مخمور بوون.

شێوەی ٤: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١.



شێوەی ٥: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەر، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنانەی کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرە (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | خێزانە گەڕاوەکانی ئەو شوێنانەی کە مەترسی هێرشی داعشیان لەسەرە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| نەینەوا | ١٦٦,٢١٧ | ١٧٩,٢٣٠ |
| سەڵاح الدین | ١٠٣,٢٦٠ | ٩٣,٤٩٧ |
| ئەنبار | ٨٩,٧٥١ | ٨٣,٤٧٠ |
| دیالە | ٢٦,٤٣٤ | ٢٧,٥٤٧ |
| هەولێر | ٥٩٠ | ٦,١٨٤ |
| کەرکووک | ٣,٠٣١ | ٢,٤٦٦ |
| بەغدا | ٢٤٤ | ٢٥٣ |


## ٢.١.١ توندوتیژییەکانی پەیوەست بە هەبوونی هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکان[١٧]

توندوتیژییەکانی پەیوەست بە هەبوونی هێزە ئەمنییەکان یان گروپە چەکدارەکان لە هەندێک ناوچەی گەڕاوەکان دا ڕوودەدەن و کاردەکەنە سەر سەلامەت گەڕاوەکان و بەربەست و ئاڵنگاری لەبەردەم تێکەڵاوبوونەوەیان دروست دەکەن. بەکۆی گشتی، (٧٨,٠٨١) خێزانی گەڕاوە کە دەکاتە لە (٩٪) لەو شوێنانە دا دەژین کە مەترسی توندوتیژی هەیە لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان دا. بەرزترین ژمارەی ئەو خێزانانەش لە پارێزگای سەڵاح الدین بوو بە (٣٠,٣٩١) خێزان کە دەکاتە لە سەدا ٢٥ی کۆی هەموو خێزانە گەڕاوەکان بۆ ئەو پارێزگایە.

هەروەها، ژمارەیەکی بەرچاویش لەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی هەیە لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان لە پارێزگاکانی نەینەوا بە (٢٢,٨٣١) خێزان، لە ٧٪، دیالە بە (١٧,١١٩) کە دەکاتە ٤٣٪ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو دوو پارێزگایە بوون. لە قەزای خاڵس-ی پارێزگای دیالە دا، (١١,٧٢٧) خێزانی گەڕاوە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی هەیە لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان دا، ئەمەش دەکاتە لەسەدا ٩٤ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە. ئەو قەزایانەی دیکە کە ژمارەی ئەو خێزانانە تیایاندا بەرزە بریتین لە شنگال لە پارێزگای نەینەوا بە (١٥,١١٠)، لە ٧٦٪ و قەزای بێجی لە پارێزگای سەڵاح الدین بە (١١,١٤٥)، لە ٥٥٪ خێزانە گەڕاوەکانی ئەو دوو قەزایە. تکایە بڕوانە نەخشەی ٣ لەخوارەوە بۆ خستنەڕووێکی گشتی گۆڕانکارییەکانی لە ژمارە و ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان دا هەیە.


١٧ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

نەخشەی ٣: ڕێژەی سەدی ئەو خێزانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان دا هەیە.




ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە زیادیکردووە لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بە (٥٦,٠٠٩) بۆ (٧٨,٠٨١) لە ئەیلولی ٢٠٢١ دا. لەم ماوەیەدا، پارێزگای سەڵاح الدین بەرزترین ژمارەی تێدا تۆمارکرا بۆ ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە بە (١٣,٤٥٢)، ٧٩٪ی کۆی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە، ئەو بەرزبوونەوەیەش لە قەزاکانی بێجی، سامەڕا و بەلەد بوون. بەرزبوونەوەیەکی بەرچاویش لەپارێزگای نەینەوا دا تۆمارکرا بە (٤,٧٥٤) خێزان، ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو خێزانانە لە قەزاکانی شنگال بە (٣,٥٩٣)، بەعاج بە (١,٠٢٨) و قەزای ناوەندی موسڵ بە (٢٢٦) خێزان.

شێوەی ٦: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە، لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١



شێوەی ٧: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە، لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە ترسیان لە ڕوودانی توندوتیژی لە نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکان هەیە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| سەڵاح الدین | ١٦,٩٣٩ | ٣٠,٣٩١ |
| نەینەوا | ١٨,٠٧٧ | ٢٢,٨٣١ |
| دیالە | ١٦,٣١٢ | ١٧,١١٩ |
| ئەنبار | ٤,٣٧٢ | ٦,٩٨٦ |
| هەولێر | ٦٥ | ٥٠١ |
| بەغدا | ٢٤٤ | ٢٥٣ |
| بغداد | ٢٤٤ | ٢٥٣ |


## ٣-١-١: ترس و نیگەرانییەکانی پەیوەست بە تۆڵەلێکردنەوە[١٨]

میکانیزمەکانی دادگاییکردنی دادپەروەرانە، لەوانەش گرتنەبەری ڕێ و شوێنی یاسایی و قەرەبووکردنەوەی کردە و ڕووداوە توندوتیژییەکان کە ئەم میکانیزمانە بەشێوەیەکی نایەکسان و جیاواز جێبەجێدەکرێن لەسەر ئەو کۆمەڵگەیانەی بەر شەڕی داعش کەتوون. لە ئەنجامدا، زنجیرەیەک کردەوەی توندوتیژی لەلایەن کەس و گروپەکانەوە ئەنجامدران لە ماوەی سەردەمی دوای داعش دا، ئەمەش بووە هەڕەشەیەکی جددی لە چەندان ناوچەی گەڕانەوە دا[١٩]. بەگشتی، (٧٢,٣٢٣ ) خێزانی گەڕاوە کە دەکاتە ٩٪ یان لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی کردە و هێرشی تۆڵە لێکردنەوەیان هەیە. زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانانەش لە پارێزگای سەڵاح الدین-ە بە (٣٤,٥٨٩) خێزان کە دەکاتە لە ٢٨٪ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاویش لەو خێزانانە هەی پارێزگای نەینەوان بە (١٨,٧١٠) کە دەکاتە لە٦٪ی خێزانە گەڕاوەکان و ئینجا (١٣,٣٦٤)یشیان هەی پارێزگای ئەنبارن کە دەکاتە لە ٥٪ خێزانە گەڕاوەکان.

ئەو قەزایە سەرەکیانەش کە مەترسی هێرشی تۆڵە لێکردنەوە بۆ سەر خێزانە گەڕاوەکانی تێدا بەربڵاوە بریتین لە شنگال لە پارێزگای نەینەوا بە (١٠,٣٧٢) کە دەکاتە زیاتر لە نیوە کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە بە لە ٥٢٪، ئینجا قەزای فەللوجە لە پارێزگای ئەنبار بە (٨,٧٦٤) کە دەکاتە ٤٩٪ خێزانە گەڕاوەکان. هەروەها ژمارەیەکی زۆر لەو خێزانانەش دانیشتووی قەزایەکانی بێجێ و بەلەد و سامەڕابوون لە پارێزگای سەڵاح الدین هەریەکەیان بە (٩,٨٦٢)، لە ٤٩٪، (٨,٤٠٦)، لە ٧٢٪ و (٨,١٧٢)، ٨٥٪، کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی هەریەکە لەو قەزایانە.

ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کەترسی هێرشی تۆڵەلێکردنەوەیان تێدایە بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بە (٦١,٥٤٥) بۆ (٧٢,٣٢٣) خێزان لە ئەیلولی ٢٠٢١ دا. لەو ماوەیەشدا، پارێزگای سەڵاح الدین بەرزترین ژمارەی ئەو خێزانانەی تێدا تۆمارکرا بە (١٠,٣٢٨)، ٤٣٪ خێزانە گەڕاوەکان. گەورەترین نزمبوونەوەش لە پارێزگای ئەنبار دا تۆمارکرا بە (-١,١٧٦)، کە -٨٪ خێزانە گەڕاوەکانە. لەسەر ئاستی قەزاشدا، گۆڕانکارییەکی گەورە لە قەزای توزخورماتووی پارێزگای سەڵاح الدین تۆمارکرا بە کەمبوونەوەی ١,٩٥٤ خێزانی گەڕاوە بۆ ئەو ناوچانەی کە مەترسی هێرشی تۆڵەلێکردنەوەیان تێدایە. لە بەرانبەردا، قەزاکانی سامەڕا و بێجی لە پارێزگای سەڵاح الدین بەرزبوونەوەی گەورەیان تێدا تۆمارکرا لەمبارەیەوە هەریەکەیان بە (٦,٩٤٥) و (٤,٦١٥) خێزانی گەڕاوە.

شێوەی ٨: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی ئەو شوێنانەی کە مەترسی هێرشی تولّە لێکردنەوەیان تێدایە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١




١٨ هەمووو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

١٩ بەرپرسیاریکردن لە ئاستی تاوان کردەی توندوتیژی سنووردرا دەکات و ئەگەر و دەرفەت لەبەردەم ئەنجامدەران و توندئاژۆیان کەمدەکاتەوە، کەمەش لەلایەن بودۆزینسکی (٢٠١٩) باسی لێوەکراوە. بۆ دیاریکردنی سنوور و مەودای پیادەکردنی دادپەروەری لە عێراق دا، بڕوانە: https://www.researchgate.net/publication/330890945_NAVIGATING_THE_NARROW_SPACES_FOR_TRANSITIONAL_JUSTICE_IN_IRAQ_Gender_Art_and_Memory

شێوەی ٩: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی هێرشی تۆڵەلێکردنەوەیان تێدایە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە مەترسی هێرشی تۆڵە لێکردنەوەیان تێدایە (تشرینی یەکەمی٢٠٢٠) | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە مەترسی هێرشی تۆڵە لێکردنەوەیان تێدایە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| سەڵاح الدين | ٢٤,٢٦١ | ٣٤,٥٨٩ |
| نەینەوا | ١٧,٠٢١ | ١٨,٧١٠ |
| ئەنبار | ١٤,٥٤٠ | ١٣,٣٦٤ |
| دیالە | ٥,٤١٧ | ٥,٣٠٧ |
| بەغدا | ٢٤٤ | ٢٥٣ |
| کەرکووک | ٦٢ | ١٠٠ |


## ١-١-٤:مەترسی و نیگەرانییەکانی پەیوەست بە گرژی و ئاڵۆزییە کەمەنەتەوەییە-ئاینییەکان یان عەشایەرییەکان[٢٠]

گرژی و ئاڵۆزی عەشایەری یان کەمەنەتەوەیی-ئاینی بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەی فرەچەشن و جۆراوجۆرن هەستی نا سەقامگیری و نا ئارامی لە نێوان گەڕاوان دا هەیە کە ئەمەش دەبێتە بەربەست لەبەردەم تێکەڵاوبوونەوەیان. بەگشتی، (٥٧,٨٩١ خێزانی گەڕاوە، لە٪٧، لەو شوێنانەدا دەژین کە گرژی و ئاڵۆزی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەری هەیە. بەرزترین ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەش دا دەژین لە پارێزگای نەینەوان بە (٤٢,٥٦٧)، دەکاتە لە سەدا ١٣ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە. هەروەها ژمارەیەکی تارادەیەک باشیشیان هی پارێزگای سەڵاح الدین بە (٩,٥١١) خێزان، لە سەدا ٨، ئەوانی دیکەش هی پارێزگای ئەنبارن بە (٤,٨٣١) خێزان، لە سەدا ٢ کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکان.

لەسەر ئاستی قەزاش دا، بەرزترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی گرژی و ئاڵۆزی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەریان هەیە لە قەزاکانی پارێزگای نەینەوا بوون. تا ئەیلولی ٢٠٢١، )٢٠,٤٤٢( خێزانیان هی قەزای تەلەعفەر بوون، ئەو مەترسی نیگەرانیەش بەهۆی گەڕانەوەی ئەو خێزانانەبوو کە سەر بە داعش بوون. (١٥,٠٤٦) کە لەسەدا ٧٥٪ هی قەزای شنگال بوون و (٦,٩٢٩) کە دەکاتە لەسەدا ٧٨٪یان هی قەزای بەعاج بوون، زۆربەی جاریش خێزانە گەڕاوەکان ئەو مەترسی و نیگەرانیانەیان بۆ کێشەکانی پەیوەست بە کۆمەڵگەی یازدییەکان دەگەڕاندەوە.

ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی گرژی و ئاڵۆزی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەریان هەیە تارادەیەک زیادیکرد لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١ لە (٥٢,٤٨٦) خێزانەوە بۆ (٥٧,٨٩١). لەو ماوەیەدا، پارێزگای ئەنبار زۆرترین بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی لە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانە دا دەژین کە ترس و نیگەرانی گرژی و ئاڵۆزی کەمەنەتەوەیی-ئاینیی یان عەشایەریان هەیە بە (٤,٨٣١) خێزان کە پێشووتر هیچ حاڵەتێکی لەو شێوەیە نەبوو. هەموو ئەم زیاد بوونانەی پارێزگای ئەنبار لە قەزای فەللوجە دا تۆمارکران. زۆرترین کەمبوونەوەش لە پارێزگاکانی سەڵاح الدین بە (٢,٢٩١-) لە ١٩٪ و دیالە بە (١,٤٤٥-) لە ٦٠٪.

شێوەی ١٠: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەری هەیە، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا ئەیلولی ٢٠٢١.




٢٠ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

شێوەی ١١: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەری هەیە، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ تا ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا.

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەری هەیە، (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی و نیگەرانی کەمەنەتەوەیی-ئاینی یان عەشایەری هەیە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| نەینەوا | ٣٨,٢٥٧ | ٤٢,٥٦٧ |
| سەلاح الدین | ١١,٨٠٢ | ٩,٥١١ |
| ئەنبار | | ٤,٨٣١ |
| دیالە | ٢,٤٢٧ | ٩٨٢ |


## ٥-١-١ تەقەمەنییە نەتەقیووەکان[21]

ئەوتەقەمەنییە نەتەقیووانەی (UXOs) لە دوای شەڕی داعش و شەڕ و ئالۆزییەکانی پێشووتر جێماون هەڕەشە و مەترسین لەسەر سەلامەتی ژمارەیەکی خێزانی گەڕاوە لە سەرانسەری وڵات دا. بەگشتی، (٥٢,٠٩٠ خێزانی گەڕاوە، لە ٦٪ی خێزانە گەڕاوەکان، لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسیان لە بوونی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان هەیە. لەو ژمارەیەش دا زۆرترینیان لە شوێنەکانی پارێزگای ئەنبارن بە (٢١,٧٤١) خێزان کە دەکاتە لەسەدا ٨ی کۆی گشتی ئەو خێزانانەی کە بۆ ئەو پارێزگایە گەڕاونەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی بەرچاوی ئەو خێزانانە کە ئەو مەترسیەیان هەیە هی پارێزگای سەلاح الدین بە (١٣,٥٠٢)، لە ١١٪ و، پارێزگای نەینەوا بە (٨,٠٩٩)، لە٣٪. بەگشتی، ٦,٢٠٧ گەڕاوەی پارێزگای هەولێر، کە دەکاتە لە سەدا ١٢ی گەڕاوەکان، لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە تەقەمەنیە نەتەقیووەکان هەیە و هەمووشیان بۆ قەزای مخمور گەڕاونەتەوە. ئەو قەزایانەی دیکە کە ژمارەیەکی بەرزی ئەو خێزانانەیان لەخۆگرتووە، بریتین لە قەزای هیت (٨,٥١١) و قەزای فەللوجە (٥,٩٧٨) لە پارێزگای ئەنبار، هەروەها قەزای ناوەندی موسڵ بە (٥,٣٠٢) لەپارێزگای نەینەوادا.

ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسیان لە تەقەمەنیە نەتەقیووەکان هەیە زیادکردووە لە (٤٣,٤٣٧) خێزان لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ (٥٢,٠٩٠) خێزان لە ئەیلولی ٢٠٢١ دا. لەماوەی ئەو ١٢ مانگە دا.

زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانانەش لە پارێزگای هەولێردا تۆمارکرا کە هی قەزای مخمور بوون بە (٥,١٦٦) کە دەکاتە ١٠٤٧٪. پارێزگای سەلاح الدینیش بەگشتی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو خێزانانەی بەخۆیەوە بینی بە ٢,٤١٩ خێزان، لە ٢٢٪، کە زۆربەیان هی قەزای بێجی بوون (١,٩٠٩) خێزان. تا کە پارێزگا کە کەمبوونەوە لە ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین مەترسی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان تێدایە پارێزگای دیالە بوو بە (-١٢٠) خێزان کە دەکاتە لە٥٪-.

شێوەی ١٢: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەوخێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان هەیە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١.




شێوەی ١٣: گۆڕانکاری لە ژمارەی ئەوخێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان هەیە، لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | ژمارەی ئەوخێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان هەیە (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | ژمارەی ئەوخێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە مەترسی تەقەمەنیە نەتەقیووەکانیان هەیە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| ئەنبار | ٢١,٣٣٢ | ٢١,٧٤١ |
| سەلاح الدین | ١١,٠٨٣ | ١٣,٥٠٢ |
| نەینەوا | ٧,٨٥٨ | ٨,٠٩٩ |
| هەولێر | ٥٤١ | ٦,٢٠٧ |
| دیالە | ٢,٥٩٨ | ٢,٤٧٨ |
| کەرکووک | ٢٥ | ٦٨ |

٢١ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوە: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets


### ١-١-٦: پێویستی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی[٢٢]

بۆماوەی چەندان دەیە ناوچەکانی گەڕانەوە توندوتیژی و گرژی و ئاڵۆزییان بەخۆیانەوە بینیووە لە نێوان گروپە ناکۆکەکانی نێو کۆمەڵگەکانی ئەو ناوچانە. تا ئەیلولی ٢٠٢١، (١٠١,٤٧٦ ) خێزانی گەڕاوە لە ٣٦٢ شوێن نیشتەجێبوون کە کۆمەڵگەکە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە. زیاتر لە نیوەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک کار و چالاکی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی تێدایە. ئەگەرچی کە (٤١,٨٠٥) خێزانی گەڕاوە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە نییە، کە ئەمە ژمارەیەش دەکاتە لە سەدا ٥ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی عێراق. زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەش لە شوێنەکانی پارێزگای نەینەوا دا دەژین کە (٣٧,٩١٦) و دەکاتە لە سەدا ١٢ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە. هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان لە ناوچەکانی پارێزگای سەلاح الدین و پێویستیان بەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیە هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە، کە (٣,٠٣٥) خێزانی گەڕاوەن و دەکاتە لە سەدا ٢ ی کۆی گشتی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە. بەگشتی، دوو قەزا بەروترین ژمارەی ئەو خێزانانەیان تێدابوو کە پێویستی بەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیەیە بەڵام نییە، ئەوانیش تەلەعفەر و شنگال هەر یەکەیان بە (٢٠,١٨٧) و (١٦,٢٦٠) خێزان. لە هەمان کاتیشدا هەردوو قەزا لەڕووی هەبوونی کێشە و گرژی و ئاڵۆزی کەمەنەتەوەیی-ئاینی و یان عەشایەری بەرزترین ڕێژەی خێزانی گەڕاوەیان تێدابوو.

ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستیان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە تاڕادەیەک بە جێگیری و بەرزی مایەوە لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بە (٤٣,٨٦٦) خێزان و (٤١,٨٠٦) خێزان لە ئەیلولی ٢٠٢١ دا.

لەوماوەیەشدا پارێزگای سەلاح الدین زۆرترین کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینی لەو خێزانانەی کە پێویستیان بەو ئاشتەواییە هەیە بەڵام بوونی نییە کە (-٤,٩٩٧) خێزان کەمببۆوە لە هەموو شوێنەکانی ئەو پارێزگایەدا. پارێزگای نەینەواش بەرزبوونەوەیەکی بەرچاوی تێدا تۆمارکرا بە زیاتری بوونی (٤,١٣٨) خێزانی گەڕاوە کە پێویستیان بەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیە هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە. بەرزترین ڕێژەی ئەو خێزانانەش لە قەزاکانی شنگال بە (٢,٨٣٦)، تەلەعفەر بە (٧٤٠) و بەعاج بە (٥٦٢) خێزانی گەڕاوە بوو. هەروەها کەمبوونەوەش لە ژمارەی ئەو خێزانانەدا هەبوو لە پارێزگای دیالە دا کە (-١,٢٣٢) خێزان کەمببووەوە کە دەکاتە لە سەدا ٢ خێزانە گەڕاوەکانی ئەو پارێزگایە کە پێویستیان بەو ئاشتەواییە کۆمەڵایەتیە هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە.

شێوەی ١٤: گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە پێویستیان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام کارو چالاکییەکانی ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە ، تشرینی یەکەیم ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١.





شێوەی ١٥: گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە پێویستیان بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام کارو چالاکییەکانی ئەو ئاشتەواییە بوونی نییە ، تشرینی یەکەیم ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە نییە (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە نییە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| نەینەوا | ٣٣,٧٧٨ | ٣٧,٩١٦ |
| سەلاح الدین | ٨,٠٣٢ | ٣,٠٣٥ |
| دیالە | ٢,٠٥٦ | ٨٢٤ |
| بەغدا | ٠ | ٢٠ |
| کەرکووک | ٠ | ١٠ |

جیاوازی و گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە نییە لە نەخشەی ٤ لەخوارەوە نیشاندراوە.

[٢٢] هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

نەخشەی ٤: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستی بە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی هەیە بەڵام ئەو ئاشتەواییە نییە، بەپێی قەزا




## ٢-١ پاراستنی گیان[٢٣]

ڕێکخستنی هێزە ئەمنییەکان لەو ناوچانەی کە خێزانە گەڕاوەکان تیایاندا دەژین کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر هەست و پاراستنی گیانی ئەو گەڕاوانە کاتێک تێکەڵاوی کۆمەڵگەکە دەبنەوە. گروپەکانی هێزە ئەمنییەکانیش بریتین لە هێزە ئەمنییەکانی عێراق (ISF)، یەکەکانی هێزە عەشایەرییەکان (TMUs)، پۆلیسی لۆکاڵی یان گروپەکانی سەر بە حەشدی شەعبی (PMF).

لە هەندێک باریشدا، هەبوونی ئەو هێز و لایەنە ئەمنیانە لە شوێنانەدا دەکرێت هاوکاربێت بۆ دەستبەرکردنی سەلامەتی ئەو خێزانانە، بەتایبەتی کاتێک ڕووبەڕووی هەڕەشە و مەترسی بەردەوام دەبنەوە لەگەڵ گروپ و پاشماوەکانی سەر بە داعش دا[٢٤]. ئەگەرچی هەبوونی چەند هێز و لایەنێکی ئەمنی جیاواز و جۆراوجۆر زۆربەی دەکات دەکرێت ببێتە هۆی ترس و سەر لێشێواوی لە نێوان گەڕاوان دا لەبەرئەوەی کە نازانن کامیان بەرپرسیارن و لایەنی

٢٣ هەمووە ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە داتابەیسی پێرستی گەڕانەوەی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراوە (گەڕەکانی ١٠ و ١٣) بڕوانە ڕێکخراوی IOM لە عێراق (ئەیلولی ٢٠٢١ و تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) دا. داتا بەیسی پێرستی گەڕانەوەی: گەڕەکانی ١٠ و ١٣. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ReturnIndex#Datasets

٢٤ ئەمەش لە خواست و ویستی گەڕانەوەی ئاوارەکان دا ڕەنگی داوەتەوە کە زۆربەیان بەردەوام باسی نەبوونی پاراستنی گیانیان دەکەن و وەکو بەربەستی سەرەکی بەردەم نەگەڕانەوەیان بۆ ناوچەکانی زێدیان دادەنێن. لە هەندێک باریشدا، ئەگەرێکی کەم لەبەردەم گەڕانەوەی خێزانە ئاوارەکان بۆ ناوچەکانی زێدیان هەیە لەبەرهەبوونی چەند هێز و لایەنی ئەمنی لەو ناوچانەدا. بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: https://iraq.iom.int/publications/protracted-displacement-iraq-revisiting-categories-return-barriers


ئەمنیان بەدەستە و بەڕێوە دەبەن.[25,26,27] هەروەها هەندێکجاریش گەڕاوان باسی ئەوەدەکەن کە هەست بە ئەمنیەت و سەلامەتی ناکەن و ناموڕتاحن لەبەرئەوەی ئەو هێز و لایەنانەی کە بەرپرسن لە پاراستن و ئەمنیەتیان هی ئەو ناوچانە نین بەڵکو هی ناوچە و شوێنی جیاجیان. گرژی و ئاڵۆزییەکانی ناوچەکانی گەڕانەوەش لە نێوان خودی ئەو گروپە و لایەنە ئەمنیانە ڕوودەدات و دەبێتە کێشەی ئەمنی و فراوانتر دەبێت و کاردەکاتە سەر کۆمەڵگەکە و شوێنەکە.

## ڕێکخستنی هێزە ئەمنییەکان

تا ئەیلولی ٢٠٢١، لەسەرانسەری وڵات دا، تەنیا ٤٣٠ خێزانی گەڕاوە، کە کەمترە لەسەدا ١، لەو شوێنانەدا دەژین کە هیچ هێز و لایەنێکی ئەمنی تێدا نییە، ئەمەش وایکردووە کە ئەو خێزانانە لەڕووی سەلامەتی و ئەمنییەوە لاواز و بێ دەرەتان بن و کێشەیان هەبێت. هەروەها (٢٣٠,٦١٩) خێزانی گەڕاوەی دیکەش لەو شوێنانەدا دەژین کە تەنیا یەک هێز و لایەنی ئەمنی بوونی هەیە.

لەوکاتەی کە( ٢٠٩,٤٤١) خێزانی دیکە لەو شوێنانەدا دەژین کە دوو هێز و لایەنی ئەمنی تێدایە کە دەکاتە لە ٪٢٥ی خێزانە گەڕاوەکان. (٣٨٢,٠٠١ ) خێزانە گەڕاوەکەی دیکە کە دەکاتە لە٪٤٦ لەو شوێنانەدا دەژین کە سێ یان زیاتر لە سێ هێز و لایەنی ئەمنی جیاواز تیایاندا بوونیان هەیە[28]. ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە چەند هێز و لایەنێکی ئەمنی جیاجیای تێدایە ئەگەری ئەوەیان هەیە کە زیاتر ڕووبەڕووی کێشە و مەترسی ئەمنی ببنەوە. لەوانەیە ئەمەش بەهۆی ئەوەوە بێـت کە گەڕاوان نازانن کە کام هێز و لایەن بەرپرسە، لەلایەکی دیکەشەوە، کێبڕکێ لە نێوان ئەو هێز و لایەنانەدا هەیە بەهۆی هەبوونی کارنامەی سیاسی جیاواز لەیەکتری و ئەمەش کێشەی ئەمنی لەو شوێنانەدا دروست دەکات. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ و بەرچاو لە ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەوناوچانەدا دەژین کە هێز و لایەنی ئەمنی جیاوازیان تێدایە تۆمارکران لە ماوەی نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و ئەیلولی ٢٠٢١.[29]

شێوەی ١٦: ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ژمارەیەک هێز و لایەنی ئەمنیان تێدایە




لەسەر ئاستی قەزاشدا، گۆڕانێکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو خێزانانەدا ڕوویدا کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زیاتر لە هێز و لایەنێکی ئەمنیان لێیە. لەسەرانسەری وڵات دا، تەنیا ١١ شوێن هەیە هیچ هێز و لایەنێکی ئەمنیان تێدا نییە و هەموو ئەو وشێنانەش لە قەزای هەترەی پارێزگای نەینەوان. بەکۆی گشتی (٣٤٠ ) خێزانی گەڕاوە لەو جۆرە شوێنانە دا دەژین کە کەمتر لە سەدا ١ خێزانە گەڕاوەکانە. ئەگەرنا، ئەو قەزایانەی کە زۆرترین خێزان لەخۆ دەگرن کە تیایاندا یەک هێز و لایەنی ئەمنی بوونی هەیە بریتین لە: قەزای ناوەندی موسڵ بە (١١٨,٢٠٥) خێزان، لە٪٦٧ خێزانە گەڕاوەکانی قەزای ناوەندی موسڵ، هەروەها قەزای ڕوومادی بە (٥٦,٣٣٧) خێزان، لە ٪٦٥ی خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە و قەزای تکریت بە (٢٧,٠١٦) خێزان کە دەکاتە لە ٪٨٥ خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە.

سەرەڕای ئەوەش، ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزانەکان لەو شوێنانە دەژین کە دوو هێز ولایەنی ئەمنی جیاوازیان هەیە لەوانەش قەزای فەللوجە بە (٪٥٦,٥٣,٠٧٢), قەزای ناوەندی موسڵ بە (٪١٧ ,٣٠,١٨٥) و قەزای ناوەندی کەرکوک بە (٢٥,٦٢٥; ٪٩٩) لەکۆتایدا ژمارەیەکی زۆر لەخێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانە نیشتەجێن کە فرەیی (سێ یان زیاتر) هێز و لایەنی ئەمنی جیاواز لەم ناوچانەی خوارەوە ئامادەن: تەلەعفەر (٥٨,٦٧٩ کە دەکاتە ٪٩٨ ی سەرجەمی گەڕاوەکانی

٢٥ ژمارەیەکی زۆر لە هێز و لایەنە ئەمنییەکان لەشوێنەکان بەگشتی مانای ئەوە دەگەیەنێت تێکەڵەیەک لەنێوان سوپای عێراق و پۆلیسی لۆکاڵی هەیە لەگەڵ یەکەکانی حەشدی شەعبی یان لەگەڵ یەکە عەشایەرییەکان. ئەم جۆرە ڕێکخستنەی هێز و لایەنە ئەمنییەکان بە گشتی دەبێتە هۆی پێشبڕکێ لە نێوان ئەو هێز و لایەنانەدا بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکان، لەگەڵ ئەو هێز و لایەنە جیاوازانەی کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی گرووپە جیاوازەکان دەکەن کە لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو دا دەژین.

٢٦ چاودێریکردنی ڕێژەی گەرانەوەکان ئەوە دەردەخات کە لەوانەیە خێزانەکان کەمتر بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هێز و لایەنی ئەمنیان تێدا هەیە بە بەراورد لەگەڵ ئەو شوێنانەی کە ژمارەی کەمتریان هەیە.


٢٧ دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت کە داتا بەردەستەکان وامان لێناکەن لەوە تێبگەین کە چۆن ژمارەی هێز و لایەنە ئەمنییەکان لەوانەیە پاڵپشتی یان ڕێگربن لە دووبارە تێکەڵاوبوونەوە. ئەگەرچی، ئەو زانیاریانەی لە خوارەوە پێشکەش کراون دەتوانن یارمەتیدەر بن لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕێکخستنی هێزە ئەمنییەکان لە سەرتاسەری وڵاتدا.

٢٨ دابەشبوونی ( ٣٨٢,٠٠١ ) گەڕاوە نیشتەجێی ئەو شوێنانەی کە سێ هێز و لایەنی ئەمنی یان زیاتریان هەیە بەم شێوەیەیە: سێ هێز و لایەن (٢٥١,١٢٠), چوار هێز و لایەن (١٠٧,٧٤٩), پێنج هێز و لایەن (٢٢,١٢٢) یان شەش هێز و لایەن (١,٠١٠).

٢٩ لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢١ دا، ڕێژەی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژیان کە ژمارەی هێز و لایەنە ئەمنییەکانی ئەمانەبوون: هیچ هێز و لایەنێک (٪١>) یەک هێز و لایەن (٪٢٩) دوو هێز و لایەن (٪٢٩) سێ هێز و لایەن (٪٣١) چوار هێز و لایەن (٪٨)؛ پێنج هێز و لایەن (٪٢) وە شەش هێز و لایەن (٪١>).

ئەو قەزایە)؛ فەللوجە (٤٢,٠٢٨؛ ٤٤٪) وە ڕومادی (٣٦,٢٠٩؛ ٣٦٪).[٣٠] نەخشەی ٥ لە خوارەوە دابەشکردن لە ژمارەی خێزانە گەڕاوەکان نیشان دەدات کە لەو شوێنانە دەژین کە ژمارەیەکی جیاوازی هێز ولایەنی ئەمنیان تێدا هەیە.

نەخشەی ٥: ژمارەی ئەو هێز و لایەنە ئەمنیانەی کە لە زۆربەی ئەو شوێنانەی کە گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن بوونیان هەیە، بەپێی قەزا.




لەسەر ئاستی وڵاتیش دا، ڕێژەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لە شوێنەکاندا دەژین کە سێ یان زیاتری هێز و لایەنی ئەمنی جیاوازیان تێدایە لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ (٤٢٪) و ئەیلولی ٢٠٢١ (٤٦٪) زیادی کردووە. ئەمەش بەهۆی بەرزبوونەوەی ژمارەی ئەو خێزانانە لە چەند پارێزگایەک دا، لەوانە دهۆک، کە هەموو خێزانە گەڕاوەکان (١٠٠٪) لەو شوێنانە دەژین کە سێ هێز و لایەنی ئەمنی هەیە لە مانگی ئەیلولی ٢٠٢١دا، بە بەراورد لەگەڵ هیچ خێزانێک لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ لەو شوێنانەدا نەبوو. بەگشتی، لە پارێزگای هەولێر لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ دا (٤٪) و ئەیلولی ٢٠٢١ (٦٧٪) زیادبوون تۆمارکرا، هەروەها پارێزگای سەڵاحەدینیش لەو ماوەیەدا ڕێژەی خێزانەکان لە سەدا ٢٥ بۆ ٤٥ زیادیکرد.

## ٣-١ ئازادی لە جوڵە و هاتووچۆ

سنوردارکردنی ئازادی جوڵە و هاتووچۆ دەتوانێت ڕێگە لە گەڕانەوە بگرێت و توانای گەڕانەوەیان چالاکییەکانی بژێوی ژیان پەیداکردن، پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و هەستی سەلامەتی لاواز بکات. کۆت و بەندی سەپێندراو لەسەر جوڵە و هاتووچۆی هەندێک یان هەموو دانیشتوان بە گشتی پێوانەی کاتین کە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆ یان هێزە ئەمنییەکانەوە دانراون بۆ بەهێزکردنی کۆنترۆڵی ناوچەیەک دوای ناکۆکی یان ڕێگریکردن لە چوونە ناوەوەی دانیشتوان بۆ ناوچە ناسەلامەتەکان. سەرەڕای ئەوەش، لە ماوەی کۆڤید-١٩ دا، حکومەتی عێراق کۆمەڵێک ڕێکار و کۆت و بەندی جوڵەی سەپاندووە بۆ ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسەکە[٣١]. ئەگەرچی لە زۆربەی ناوچەکان ئەم سنوردارکردنانە ئاسانکاریان تێداکرابوو کاتێک هەڵسەنگاندنەکانی ئەم توێژینەوەیەدا

٣٠ لە پارێزگای دیالە دا، تەنیا هەردوو قەزای خانەقین و کفری هەیە کە زۆربەی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە پێنج جۆری جیاواز هێز و لایەنی ئەمنیان تێدا هەیە.

٣١ لە ساڵی ٢٠٢٠دا زۆربەی سنوردارکردنەکان لە ماوەی یەکەم ساڵی پەتاکە دا سەپێندران. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی سنوردارکردنەکان، ئاماژە بە: ڕێکخراوی IOM (٢٠٢٠-٢٠٢١). کۆڤید-١٩ سنوردارکردنی جموجۆڵەکان و پێوەرەکانی تەندروستی گشتی. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/COVID19/MovementRestrictions_HealthMeasures


ئەنجامدران. لە هەندێک حاڵەتدا، سنوردارکردن لەسەر جوڵە و هاتووچۆ وەک خۆی دەمێنێتەوە لەوانەیە وەک بەشێک لە سیاسەتی لە دژی گرووپە دیاریکراوەکان، یان وەک پێوەرێکی هەڕەمەکیانە بۆ کۆنترۆڵکردنی سیاسی و هەڵخەڵەتاندن پەیڕەو بکرێت. سەرەڕای ئەوەش، جموجۆڵی گەڕاوەکان لە سنوردارە لەبەر نیگەرانییە ئەمنییەکانی پەیوەست بە کێشەی ئەمنی لە ناوچەکانی نزیکی ناوچەکانی زێدیان.

## ١-٣-١ سنووردارکردنی جوڵە و هاتووچۆکان

تا ئەیلولی ٢٠٢١، کۆی گشتی ١٨٢,١١٣ گەڕاوە نیشتەجێ بوون لەو شوێنانەی کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنوورداره (٢٢٪). زۆرترین ژمارەی ئەو گەڕاوانەی لەو شوێنانە دەژین لەپارێزگای ئەنبار (٩٣,٥١٩) کەس بووە کە لەسەدا ٣٦ی سەرجەمی ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە بۆ ئەو پارێزگایە. سەرەڕای ئەوەش، ژمارەیەکی بەرچاو لە گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە سنوورداری جوڵەیان هەیە لە پارێزگاکانی سەڵاحەددین (٤١,٧٨٩؛ ٣٨٪) و نەینەوا (٢٦,٧٧٩؛ ٨٪). شیاوی باسە، ٤,٤١٢ خێزانی گەڕاوە لە هەولێر- لەسەدا ٤٤ی ئەو کەسانەی گەڕاونەتەوە- لە شوێنەکاندا نیشتەجێن کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە.


سەرجەمی ئەو خێزانە گەڕاوانەش لە قەزای مەخمورن کە بەدرێژایی ساڵی ٢٠٢١ چەندین ڕووداوی ئەمنییان بەخۆوە بینیووە. تا ئێستا زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانە نیشتەجێن کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە هی قەزای ڕومادین بە (٨١,٢٣٥) لە پارێزگای ئەنبار و، دواتر قەزای بێجی (١١,٦٦٢) لە پارێزگای سەڵاحەدین و پاشانیش قەزای شەنگال (١٠,٣٤٩). بڕوانە نەخشەی ٦ لە خوارەوە بۆ خستنەڕوویەکی گشتی لە گۆڕانی ڕێژەی گەڕاوەکان کە لەو ناوچانە دەژین کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە.

نەخشەی ٦: ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە سنووردارکردنی جوڵە و هاتوچۆیان تێدایە، بەپێی قەزا.



لەنێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و ئەیلولی ٢٠٢١ دا، پارێزگای نەینەوا گەورەترین زیادبوونی لە ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەدا تۆمارکرد کە لە شوێنانە دا دەژین کە جوڵە و هاتوو چۆ تیایاندا سنووردارە (٧,٣٢٩; ٣٨٪). هەروەها زیادکردنێکی بەرچاویش لەپارێزگای سەڵاحەدین تۆمارکراوە (٣,٤٣٠) خێزانی گەڕاوە. ئەمانەش هاوکات بوون لەگەڵ کۆ گشتی دانیشتووانی گەڕاوە لە هەمان ماوەدا. دیارترینیشیان پارێزگای هەولێر بوو بە زیادبوونی ٣,١٥٢ خێزانی گەڕاوە کە لەو شوێنانەدا دەژین. بەگشتی، زیادبوونی لە سەدا ٢٤١ لەنێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و ئەیلولی ٢٠٢١ تۆمارکران. گەورەترین دابەزینیش لە پارێزگای ئەنبار تۆمارکرا و کەمبوونەوە بوو بە ٥,٧٤٩ (-٦٪) لەم ماوەیەدا.

شێوەی ١٧: گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١.




شێوەی ١٨: گۆڕانی ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بۆ ئەیلولی ٢٠٢١، بەپێی پارێزگا


| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە (تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠) | ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارە (ئەیلولی ٢٠٢١) |
|---|---|---|
| ئەنبار | ٩٩,٢٦٨ | ٩٣,٥١٩ |
| سەڵاح الدین | ٤٣,٣٥٩ | ٤٦,٧٨٩ |
| نەینەوا | ١٩,٤٥٠ | ٢٦,٧٧٩ |
| کەرکووک | ٥,٩٢٤ | ٥,٨١٠ |
| هەولێر | ١,٣١٠ | ٤,٤٦٢ |
| بەغدا | ٢,٦٧٩ | ٢,٦٨٣ |
| دیالە | ٢,٢٤٧ | ٢,٠٧١ |

## ١-٣-٢ ڕێگە بە جوڵەدان[٣٢]

تا تەمموزی ٢٠٢١، ٨٤,١٢٦ خێزانی گەڕاوە (١٠٪) لەو شوێنانە دەژیان کە زۆربەی دانیشتوان دەتوانن بە ئازادی بجوڵێن بەڵام پێویستیان بە مۆڵەتی تایبەت هەیە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆ یان هێزە ئەمنییەکانەوە. زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی لەو شوێنانە نیشتەجێن لە پارێزگای سەڵاحەدینە (٥٣,٠٤٤) کە دەکاتە لە سەدا ٤٥ ئەوانەی بۆ ئەو پارێزگایە گەڕاونەتەوە. هەروەها ژمارەیەکی ماماوەند لە خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا دەژین کە داوای مۆڵەتی جوڵانەوە دەکەن لە پارێزگاکانی ئەنبار (٢١,٧٥٦; ٩٪) و هەولێر (٥,٦٦٢; ٦٢٪). ئەو قەزایانەشی کە ڕێژەیەکی زۆری دانیشتوان پێویستیان بە مۆڵەتی جووڵانەوە هەیە بریتین لە ئەلکەعیم، لە پارێزگای ئەنبار (١١,٩٨٣) و هەروەها بێجی (١٠,٧٣٢) و ئەلدور (١٠,١١٣) و سامەڕا (٩,٦٤٥) لە پارێزگای سەڵاحەدین دا.

زیاتر لە ١٤٨٠ خێزانی گەڕاوە (٠.٢٪) هەیە کە نیشتەجێن لەو شوێنانەی کە هەندێک گرووپ ڕووبەڕووی سنوودارى لە جوڵە و هاتووچۆکردن دەبنەوە، لە کاتێکدا ئەوانی تر بە ئازادی دەجوڵێن. لەو ١٣٩٠ خێزانە لە قەزای شنگال نیشتەجێن، لە پارێزگای نەینەوا، کە گرژییە خێڵەکیی و مەزهەبییەکانی و کەمەنەوەتەوەیی-ئاینی تیایاندا لە ئاستێکی بەرز ماونەتەوە (بڕوانە تەوەری ١.١.٤).

شێوەی ١٩: ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین، بەپێی جۆری مۆڵەتی پێویست بۆ جوڵە و هاتووچۆ، تەمموزی ٢٠٢١.




٣٢ هەمووی ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراوی تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون. گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو. ڕێکخراوی IOM لە عێراق. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ILA6#Datasets

شێوەی ٢٠: ژمارەی ئەو خێزانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی دانیشتووانەکەی دەتوانن بە ئازادی هاتووچۆ بکەن بەڵام پێویستیان بە مۆڵەتی دەسەڵاتدارانە، بەپێی پارێزگا، تەمموزی ٢٠٢١.


| پارێزگا | زۆربەی دانیشتووانەکەی دەتوانن بە ئازادی هاتووچۆ بکەن بەڵام پێویستیان بە مۆڵەتی دەسەڵاتدارانە | زۆربەی یان هەموو دانیشتووانەکەی دەتوانن بە ئازادی هاتووچۆ بکەن بەبێ مۆڵەتی دەسەڵاتداران | هەندێک لە گروپەکان بە ئازادی هاتووچۆ دەکەن و هەندێکیشیان هاتووچۆیان سنووردارە |
|---|---|---|---|
| سەڵاح الدین | ٥٣,٠٤٤ | ٦٥,٧٦٩ | ٩٠ |
| ئەنبار | ٢١,٧٥٦ | ٢٢٩,٩٩٨ | ٠ |
| هەولێر | ٥,٦٦٢ | ٣,٤٦٥ | ٠ |
| کەرکووک | ٢,٠٤٨ | ٥٦,١٦٧ | ٠ |
| نەینەوا | ١,٦١٦ | ٣١٦,٤٧٦ | ١٣٩٠ |
| بەغدا | ٠ | ١٥,٢٧٣ | ٠ |
| دهۆک | ٠ | ١٢٨ | ٠ |
| دیالە | ٠ | ٣٩,٨١٣ | ٠ |

## ١-٣-٣ گەڕانەوەی زۆرلێکرا و زۆرەملێ[٣٣]

هەندێک خێزان بەزۆر بۆ شوێنی خۆیان دەگەڕێندرێنەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، بەزۆری دوای داخستنی کامپی ئاوارەکان یان تێکدانی شوێنێکی نافەرمی کە خێزانە ئاوارەکان تێیدا دەژیان[٣٤]. گەڕانەوەی زۆرەملێ دەتوانێت تێکەڵبوونەوە لاواز بکات کە وەک چارەسەرێکی بەردەوام بۆ ئاوارەبوونە لەبەرئەوەی کە زۆربەی ئەو خێزانە ئاوارانە ئامادەنین و ناتوانن و نایانەوێت بگەڕێنەوە و تێکەڵاوی ناوچەکانی زێدیان. گەڕانەوەی زۆرەملێ و بەزۆر دەکرێت ببێتەهۆی زیادبوونی گرژی لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی لە نەبوونی ئاشتەوایی کۆمەڵگە و دەستپێشخەرییەکانی تری هێنانەئارای ئاشتی.

تا مانگی تەمموزی ٢٠٢١، ١٣٨,١٢٠ خێزانی گەڕاوە (٪١٧) لەو شوێنانە نیشتەجێن کە هەندێک خێزان ناچارکراون بگەڕێنەوە. زۆرترین ژمارەی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین لە نەینەوا (٧٩,٢٠٦) خێزانە کە دەکاتە ٢٥ی لە سەدی هەموو ئەوانەی گەڕاونەتەوە بۆ ئەو پارێزگایە. سەرەڕای ئەوەش، ژمارەیەکی مامناوەندی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە هەندێک خێزان ناچارکراون بگەڕێنەوە لە سەڵاحەدین (٣٢,٩٠٦، ٪٢٨) و پارێزگای کەرکوک (١٦,٢٠٣، ٪٢٨). ئەو قەزایانەشی کە ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی ئەو شوێنانە دەژین کە هەندێک خێزان ناچارکراون بگەڕێنەوە بریتین لە تەلەعفەر (٣٥,٣٩٧ خێزان) و موسڵ (٣٢,٥٨٥) لە پارێزگای نەینەوا و لە پارێزگای سەلاحەدین (٢١,٤١٥).

شێوەی ٢١: ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک لەو خێزانانەی کە زۆر ناچار بە گەڕانەوە کراون، تەمموزی ٢٠٢١.




شێوەی ٢٢: ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک لەو خێزانانە ناچار بە زۆر گەڕانەوە کراون، بەپێی پارێزگا، تەمموزی ٢٠٢١.

| پارێزگا | ژمارەی ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە هەندێک لەو خێزانانە کە بەزۆر ناچار بە گەڕانەوە کراون |
|---|---|
| نەینەوا | ٧٩,٢٠٦ |
| سەڵاح الدین | ٣٢,٩٠٦ |
| کەرکووک | ١٦,٢٠٣ |
| دیالە | ٧,٥٧٧ |
| ئەنبار | ٢,٢٢٨ |

٣٣ هەموو ئەو زانیاریانەی کە لەم بەشەدا خراونەتەڕوو لە گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخرایو تۆماری بەدواداچوونی ئاوارەبوون وەرگیراون. گەڕی ٦ی هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو. ڕێکخراوی IOM لە عێراق. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/ILA6#Datasets

٣٤ لە نێوان تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ و شوباتی ٢٠٢١ دا، ژمارەیەکی بەرچاو لە ئاوارەکان (٧,٢٠٤ خێزان) تۆمارکراون کە لە کامپەکانەوە بەرەو شوێنە نیشتەجێبوونەکانی دەرەوەی کامپەکان دەچوون، ئەمەش دوای داخستنی یان دووبارە پۆلێنکردنەوەی کامپەکان لەلایەن دەسەڵاتدارانی حکومەتەوە. بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم جوڵەیە، ئاماژە بە:ڕێکخراوی IOM (٢٠٢١) دەکەین. بەدواداچوونی دەستبەجێی: جوڵەی ئاوارەکانی کامپ. بڕوانە: https://iraqdtm.iom.int/IdpMovements

# کۆتایی

## پوختەی ئەنجامەکان

لەوەتەی حکومەتی عێراق لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٧دا، شکستی بەسەر داعش دا ڕاگەیاند، زۆربەی ئەو خێزانە عێراقیانەی کە لە کاتی شەڕ وململانێکەدا ئاوارە بوون گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە. هەرچەندە، کێشەکانی پەیوەست بە سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان مەترسییەکی بەرچاو بۆ دووبارە تێکەڵبوونەوەی جێگیر و هەمیشەیی لە ناوچەکانی زێدا دروست دەکات. هەر وەک لەم ڕاپۆرتەدا دەرکەوت دەکرێت ئەم کێشانە لە ژێر ١) مەترسی توندوتیژی و ٢) پاراستنی گیان و ٣) ئازادی جوڵە و هاتووچۆ پۆلێن بکرێن. دەرئەنجامە سەرەکیەکان لە ژێر هەر یەک لەم پۆلێنانەدا، وەک پەیوەندیان بە دووبارە تێکەڵبوونەوەی گەڕاوەکانەوە هەیە، لە خوارەوە کورتدەکرێتەوە.

## ١- مەترسی توندوتیژی

- سروشتی دابەشبوونی پێکهاتەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق زەحمەتی و ئاڵنگاری ڕاستەقینە دەخاتە بەردەم دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی ئاوارەکان لەبەرئەوەی گروپە چەکدارە حکومی و ناحکومییەکان چاویان بڕیووەتە کۆنترۆڵکردنی ناوچەکانی گەڕانەوە.
- هەرچەندە ناکۆکیی لەگەڵ داعش دا کۆتاییهاتووە، بەڵام نزیکەی نیوەی هەموو گەڕاوەکان لە شوێنێک نیشتەجێن کە ترس و نیگەرانیان لە هێرشی لە داعش یان گروپەکانی سەر بە داعش هەیە کە (٤٨٪)یە. بەم دواییانە، لە مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١دا هێرشی داعش بۆ سەر چەندین گوندی قەزای مقدادیەی پارێزگای دیالە بووە هۆی ئاوارەبوونی ٣٢٧ خێزان لەو ناوچانەی کە پێشتر هەندێک خێزان گەڕاونەتەوە (سەرچاوە).
- سەرەڕای ئەوەش مەترسی توندوتیژییەکانی نێوان هێزە ئەمنییەکان و گروپە چەکدارەکانی دیکە لەسەر سەدا نۆی هەموو خێزانە گەڕاوەکان کاریگەری هەیە، لەوانەش لەو ناوچانەی کە هەڕەشەکانی توندوتیژی پەیوەست بە داعش زۆر و ڕاستەقینە نین. بەگشتی، سێیەکی هەموو ئەو خێزانانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین، لە سەلاحەدینن، دوای ئەوەی لە نێوان مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠دا (١٦,٣٩٣ خێزان) وەو تا ئەیلولی ٢٠٢١ بۆ (٣٠,٣٩١ خێزان) زیادیکرد.
- گرژییەکانی نێوان کۆمەڵگاکان و نێو خودی کۆمەڵگەکان، کە زۆرێکیان بۆ سەردەمی بەر لە هاتنی داعش دەگەڕێنەوە، بەردەوام مەترسین لەبەردەم دووبارە تێکەڵبوونەوەی بەردەوام، بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە لەو کۆمەڵگەیانەی پێکهاتەی کەمەنەتەوەیی-ئاینی و مەزهەبی یان هەیە. ترس و نیگەرانییەکانی هێرشی تۆڵەسەندنەوە و گرژییە خێڵەکی و کەمەنەتەوەیی-ئاینی و مەزهەبییەکان لەو شوێنانەدا بوون هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی لە نۆ لەسەدا و حەوت لەسەدای هەموو ئەو شوێنانەن خێزانە گەڕاوەکانی تێدا نیشتەجێن.
- لە سەرتاسەری وڵاتەکەدا، لەسەدا شەشی هەموو گەڕاوەکان لەو شوێنانە دەژین کە ترس و نیگەرانی هەیە لە هەبوونی تەقەمەنییە نەتەقیووەکان هەیە. نزیکەی نیوەی ئەو گەڕاوانەش لە پارێزگای ئەنبار دا نیشتەجێن.
- دیالۆگ و ئاشتبوونەوەی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانی گەڕانەوە لەوانەیە ترس و نیگەرانیەکان کەم بکاتەوە لەسەر هەبوونی سەرچاوەکانی توندوتیژی و پشتگیری دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی بەردەوام بکات. زیاتر لە نیوەی هەموو خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەی کە هەندێک لە دەستپێشخەریەکانی ئاشتەوایی هەیە نیشتەجێن (٥٧٪). هەرچۆنێک بێت، ئەو ئاشتەواییە پێویستە بەڵام لە سەدا پێنجی ئەو شوێنانەدا نییە کە هەموو خێزانە گەڕاوەکان تیایاندا نیشتەجێن.

## ٢- پاراستنی گیان

- پێکهاتەی ڕێکخستن و دابەشبوونی هێزە ئەمنییەکان دەتوانێت کاربکاتە سەر باری ئەمنی لەو ناوچانەدا. لە هەندێک باریشدا، بوونی ئەو هێز و لایەنە ئەمنیانە پارەمتیدەر دەبێت بۆئەوەی کە گەڕاوەکان بگەڕێنەوە و کۆمەڵگەی دەوروبەریشیان هەست بە سەلامەتی بکەن. لە هەندێک باری تردا، فرەیی ئەو هێز و لایەنە ئەمنیانە (لەم ڕاپۆرتەدا بە سێ هێز و لایەن یان زیاتری سەر گرووپە جیاوازەکان پێناسە کراوە) دەتوانێت ببێتە هۆی سەرلێشێواوی لەوەی کە کامە هێز و لایەن دەسەڵاتی تەواوی لەسەر بابەتەکانی پەیوەست بەلایەنی ئەمنییەوە هەیە. هەروەها گەڕاوەکانی بەشێوەیەکی گشتی باس لەوە دەکەن کە هەست بە نائاسوودەیی و ناسەلامەتی دەکەن بە هۆی هەبوونی ئەو هێزە و لایەنە ئەمنیانەی کە لەبەشەکانی دیکەی وڵاتەوە هاتوون.
- دابەشبوونی ئەو گەڕاوانەی کە لەو شوێنانە دەژین کە ژمارەیەکی جیاوازی هێز و لایەنی ئەمنیان تێدایە بەم شێوەیەیە: بێ هیچ هێز و لایەنێک (١٠٪) یەک هێز و (٢٨٪) دوو هێز و لایەن (٢٥٪) وە سێ یان زیاتر لە سێ هێز و لایەن(٤٦٪).
- قەزای هەترە لە پارێزگای نەینەوا (٤٣٠) خێزانی گەڕاوەی لەخۆگرتووە کە لەو شوێنانە دەژین کە هیچ هێز لایەنێکی ئەمنی تێدا نییە. ژمارەیەکی بەرچاویش لە خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا نیشتەجێن کە ژمارەیەک هێز و لایەنی ئەمنی جیاجیای تێدایە لە قەزای تەلەعفەر دا کە (٥٨,٦٧٩) خێزانن دەکاتە لە سەدا ٩٨ هەموو خێزانە گەڕاوەکانی ئەو قەزایە.

### ٣- ئازادی جوڵە و هاتووچۆ

- سنووردارکردنی جوڵە و هاتووچۆ وادەکات کار و چالاکییەکانی کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک-ی گەڕاوەکان کەمبێتەوە و کاردەکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستکردن بە سەلامەتی.
- بە گشتی، لە سەدا ٢٢ی گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا نیشتەجێن کە کۆت و بەند و سنووردارکردنی جووڵانەوەیان تێدا سەپێنراوە. بە کۆی گشتی ٤٦,٧٨٩ خێزانی گەڕاوە لە پارێزگای سەلاحەدین لەو شوێنانەدا دەژین کە ڕووبەڕووی سنورداری جوڵە و هاتووچۆ دەبنەوە.
- هەروەها سنوردارکردنی جوڵە و هاتووچۆکان دەتوانن بە شێوەیەکی نەرێنی کار بکەنە سەر دووبارە تێکەڵبوونەوە لەو حاڵەتانەی کە هەندێک لە گەڕاوەکان ڕێگری لە گەڕانەوەیان کراوە بەهۆی هەستکردن بەوەی کە پەیوەندیان بە داعشەوە هەیە. هەرچەندە ئەمە تەنیا لە سەدا ١ی شوێنەکانی گەڕاوەکان دا هەیە و بەزۆری لەنێو ئەوانەش لە قەزای شنگال نیشتەجێن لە پارێزگای نەینەوا دا.
- لەسەر ئاستی وڵاتیشدا، لەسەدا ١٠ی هەموو گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا نیشتەجێن کە داواکاری هەیە بۆ پێدانی مۆڵەتی تایبەت لەلایەن دەسەڵاتدارانی ناوخۆ یان هێزە ئەمنییەکانەوە بۆ گەشتکردن و جوڵە و هاتووچۆکردن. زیاتر لەنیوەی ئەو گەڕاوانەش لەپارێزگای سەلاحەدین دا نیشتەجێن لەکاتێکدا نزیکەی چارەکێکیان لەپارێزگای ئەنبار دان.
- سەرەڕای ئەوەش، گەڕانەوەی بە زۆرە ملێی و ناچارییەکان دەتوانن دەستکەوت و هەوڵەکانی بەردەم دووبارە تێکەڵاوبوونەوە لاواز بکەن کە وەک چارەسەرێکی بەردەوامە بۆ ئاوارەبوون، واشدەکات کە خێزانەکان کە ئامادەنەبن، نەتوانن بگەڕێنەوە و دووبارە تێکەڵاوبن نەوە لە ناوچەکانی زێدیان دا. نزیکەی یەک لەسەر پێنجی خێزانە گەڕاوەکان لەو شوێنانەدا نیشتەجێن کە هەندێک خێزانەکان ناچارکراون بگەڕێنەوە (١٧٪)، بەڵام ئەم ڕێژەیە لە نەینەوا بەرزترە کە یەکێک لەسەر چوار خێزانە گەڕاوەکان ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبێتەوە (٢٥٪).

خشتەیەکی پوختە گۆڕانی ڕێژەی خێزانە گەڕاوەکان ئەو بەربەستە جیاوازانەی کە ڕووبەڕووی دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی هەریەکێک لە خێزانە گەڕاوەکان دەبێتەوە لە پاشکۆی ١ دا نیشاندەدات.

### ڕاسپاردەکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی زانیارییەکان

لەوکاتەی کە عێراق پێنجەمین ساڵی بەفەرمی شکستپێهێنانی داعش دا، بەدەمەوەهاتنە مرۆییەکان ڕووە بنیاتنان و بەرقەرارکردنی ئاشتییە و بەرەو و هەبوونی پرۆگرامێکی گەشەپێدانە کە جەخت و فۆکەسی لەسەر گەیشتنە بەچارەسەرە هەمیشەییە درێژخایەنەکان بۆ ١,٢ ملیۆن خێزانی عێراقی کەبەهۆی شەڕو ململانێیەکانەوە ئاوارەبوون. لەو ژمارەیە ئاوارەش زیاتر لەیەک ملیۆن خێزانیان بۆ ناوچەکانی زێدیان گەڕاونەتەوە و خانەوادەیەکی زۆریشیان هەر لە ئاوارەیی ماونەتەوە و خواست و ویستی گەڕانەوەیان بۆ سەر ماڵ و حاڵیان هەیە گەر ڕەوشی ناوچەکانیان بەرەوپێش بچێت و تێگەیشتنێکی باش و بەهێز بۆ ئەو بەربەستانە هەبێت کە دەبنتە بەربەست و ئاستەنگی و بەردەم دووبارە تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوەکان لە ناوچەکانی زێدیان دا، ئەمەش شتێکی ئێجگار گرنگە لە ستراتیژیەتی چارەسەرە هەمیشەیەکان لە ناوچەکانی گەڕانەوە دا.

ئەم ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەی لە جۆرەکانی ئەو زەحمەتی و ئاڵنگاریانەی یەکەمین مەرج و پێوەر لە چوارچێوەی گرووپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) بۆ دووبارە تێکەڵاوبوونەوە کە پەیوەندی بە سەلامەتی و ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کردووە. بۆ بەردەوام پتەوکردنی بەڵگیە بنەمادار بۆ دووبارە تێکەڵبوونەوەی گەڕاوەکان لەعێراق دا، پێشنیازی ئەوەدەکات توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەو بەربەستانەی کەڕووبەڕووی تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوەکان دەبنەوە ئەنجام بدرێت. دەکرێت ئەمەش توێژینەوە لە کێشەی زیاتری دیکەی بکرێت کە هاوتەریب لەگەڵ پێوەرە کانی دیکەی EGRIS، لەوانەش:

- دەستگەیشتن بە کاروکاسبی بژێوی ژیان پەیداکردنی تاک و ئەمنیەتی ئابوری،
- بڕی پێویستی پێوەر و ستانداردەکانی ژیان،
- گێڕانەوەی موڵک و ماڵ و قەرەبووکردنەوە و،
- بە دۆکیومێنتکردن.

لە ساڵی ٢٠٢٢دا، ڕێکخراوی IOM ڕاپۆرت لەسەر زەحمەتی و ئاڵنگارییەکانی ئەمنیەتی ئابوری و کار و کاسبی بژێوی ژیان پەیداکردن لەو ناوچانەی کە دەبنە بەربەست لەبەردەم تێکەڵاوبوونەوەی گەڕاوەکان ئامادەدەکات و شیکاریان بۆ دەکات.

توێژینەوەی زیاتری دیکە بۆ سێ پێوەرەکەی دیکەی گرووپی پسپۆڕانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS) دەکرێت، کە تەواوکەری ئەو توێژینەوە زۆرانە دەبێن کە لەسەر دووبارە تێکەڵبوونەوەی گەڕاوەکان لە عێراق دا دەکرێن. ئەمەش پاڵپشتی ئامانجێکی فراوانتری کارکردن بەرەو بەدیهێنانی چارەسەرە هەمیشەییەکان بۆ هەموو ئەو خێزانانە دەکات کە لە کاتی شەو ڕململانێدا ئاوارە بوون.

## پاشکۆی ١. خشتەی پوختە. چوارچێوەی پێوەرەکانی تێکەڵاوبوونەوەگروپی پسپۆرانی ئامارەکانی پەنابەران و ئاوارەوەکان (EGRIS)-١ سەلامەتی، ئەمنیەت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ بەرانبەرو بەراورد بە ئەیلولی ٢٠٢١

| پێوەری لاوەکی | ڕێژەی سەدی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٠ | ڕێژەی سەدی ئەیلولی ٢٠٢١ | سەرچاوە |
|---|---|---|---|
| **١.١ مەترسی توندوتیژی** | | | |
| ڕێژەی سەدی ئەو خیزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترس و نیگەرانی هێرشی داعشی لەسەرە. | ٤٩٪ | ٤٨٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خیزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین مەترسیان لە توندوتیژی نێوان گروپ و هێزە ئەمنییەکان هەیە. | ٧٪ | ٩٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترسیان لە کردەوەی تۆڵە لێکردنەوە هەیە. | ٨٪ | ٩٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترس و نیگەرانیان لە گرژی و ئاڵۆزییە کەمەنەتەوەیی-ئاینی هەیە | ٧٪ | ٧٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە ترس و نیگەرانیان لە تەقەمەنییە نەتەقیووەکان هەیە. | ٥٪ | ٦٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە پێویستیان کار و چالاکی ئاشتەواویی هەیە بەڵام ئەو چالاکییانە بوونیان نییە. | ٦٪ | ٥٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| **٢.١ پاراستنی گیان** | | | |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە فرەیی و جۆراجۆرییەتی لە هێز و لایەنە ئەمنییەکان هەیە (سێ یان زیاتر لە سێ هێز و لایەنی ئەمنی) | ٤٢٪ | ٤٦٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| **٣.١ ئازادی جوڵە و هاتووچۆ** | | | |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە کە جوڵە و هاتووچۆ تیایاندا سنووردارکراوە. | ٢٢٪ | ٢٢٪ | پێرستی گەڕانەوەی ١٠ و ١٣ |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە زۆربەی دانیشتوان دەتوانن بە ئازادی جوڵە و هاتووچۆ بکەن بەڵام پێویستیان بە مۆڵەت و ڕێپێدانە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە | ١٠٪ | - | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو |
| ڕێژەی سەدی ئەو خێزانە گەڕاوانەی کە لەو شوێنانەدا دەژین کە تیایاندا هەندێک خێزان ناچار بە گەڕانەوەی بە زۆرە ملێ کراون | ١٧٪ | - | هەڵسەنگاندنی شوێنی یەکخراو |

ئەو دیدوبۆچوونانەی لەم ڕاپۆرتەدا دەربڕدراوە لەبنەڕەتدا ڕەنگدانەوەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) نین. دەستنیشانکردن و خستنەڕووی کەرستەکانی ناو ئەم ڕاپۆرتە نە بەمانای واگەیاندن و دەربڕینی هیچ دیدوبۆچوونێکی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ لەسەر لایەنی یاسایی وڵات، هەرێم، شار و ناوچە یان هی لایەنی یاسایی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی ئەو شوێنانە دێت، نە بەهی لایەنی جوگرافی و سنووری دێت.

کۆمەڵگەی یۆنامی (دیوان٢)،
ناوچەی نێودەوڵەتی،
بەغداد/عێراق

iraq.iom.int
iomiraq@iom.int

@IOMIraq

COMPASS
توجيه الهجرة الآمنة

IOM
وكالة الأمم المتحدة للهجرة

© ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کۆچ (IOM) ٢٠٢٢

ئەو ڕاپۆرتە بە پاڵپشتی پرۆژەی (COMPASS) ئامادەکرا کە لەلایەن حکومەتی هۆڵەنداوە هاوکاری ماددیدەکرێت

نابێت هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە دووبارە بەرهەمبهێنرێتەوە، لە نێو سیستەمێکی گەڕاندنەوەدا هەڵبگیرێت، یان بگوازرێتەوە بەهەرجۆرێک یان ڕێگە و هۆکارێکی ئەلیکترۆنی، میکانیکی، چاپکردن و تۆمارکردن بێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی بەنووسراوی پێشوەختەی لایەنی بڵاوکەرەوە.